بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری ...

بەشی پێنجەم

دەوڵەت و سەرخانی سیاسی...ل7

ساڵی شەشەم ژمارە (132) بەرواری 1-11-2022 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## ئیسلامی و سەلەفیەکان بەردەوامن لە هەوڵی بە حجابکردنی کۆمەڵگە...



لە ناوەراستی دەیەی سێیهەمی مانگی ئۆکتۆبەر، زانکۆی کەرکوک مەراسیمێکی ساڵانەی لە ژێر ناوی خەڵاتی رێزلێنان بۆ کچانی باڵاپۆش رێکخست و خەڵات بەخشرایە، کچە باڵاپۆشەکان!!

مەراسیمەکە بە ئامادەبوونی کەسایەتییە ئاینییەکان و ئیسلامیەکان و ژنانی باڵاپۆش!! و بەرێوەبەرانی زانکۆ... بەرێوەچووە. ئەمە یەکەمین جار نییە ئیسلامیەکان و زانکۆ

بۆ لاپەڕە 3

## ناڕەزایەتی جەماوەری بە دژی ئاکامەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا، ئەوروپا دەگرێتەوە...






چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی خەڵک لە سەراسەری ئەورووپادا رووبەڕوون لەگەڵ هێرشێکی سیستماتیکی دەوڵەتەکانیان بۆ سەر ژیان و گوزەرانیان. بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک، سوتەمەنی وەکو گازو بەنزین و دیزڵ و گواستنەوە و سەرجەم پێداویستییە ژیارییەکان، بە جۆرێکە کە توانای... بەرێوەچوونی لە خەڵک بڕیووە. چوونە سەری نرخی هەموو ئەوانە

بۆ لاپەڕە 3

### لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* کامێرای چاودێری یان چەواشەکاری؟ ............................. ل4
* سەرۆک وەزیرانی عێراق وکابینەکەی ............................. ل4
* نەوت و هەرێمی کوردستان ............................. ل5
* شۆڕشی داهاتووی ئێران ڕەنگی ژنانەی دەبێت ............................. ل6
* دەبێت ئاین بخرێتە قەفەسەوە ............................. ل6
* هەنگاوی ئەرێنی شکاندنی پەیکەرەکانی فاشیزمە ............................. ل10

## دۆسیەی ژمارە "ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"


### هاوڕێیان جیهاد محەمەکەریم، ساڵح سەرداری، عومەری خەتات... وەڵامی پرسیارەکانی دۆسیەکەیان داوەتەوە...

ل11-12-13

## وتەی ژمارە

## هێزەکانی شۆڕش و دژە شۆڕش، لە هەستان و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا!

### نووسینی: عەبدوڵا مەحمود



ڕاپەرین و هەستانی جەماوەری لە سەراسەری ئیران، درێژەی هەیەو هەنگاوی خێرا بەرەو پێشەوە دەنێت. ئەم راپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی راپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و راپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆرشگێرەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و رادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم رەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی راپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێک نزیک دەبێتەوە. لاوازی رۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆرش... ئەمانە بەشێک لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و راپەرێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئیرانن، ئەم تایبەتمەندیانە و ناوەرۆکی شۆڕشگێرانەی ڕاپەڕین، هەر ئێستا دەیان دەستکەوتی گەورەو بێ گەڕانەوەی بەدەست هێناوە. لەوانە باڵانسی هێز لە نێوان جەماوەری راپەڕیوو و دەسەڵاتی ئاخوندەکان، بە سودی جەماوەر گۆڕاوە. جەماوەر ترسیان لە لە زەبرو زۆر و سەرکوتی رژێم شکاوەو ئەمجارە ئەوە رژێمە ترس و لەرز دایگرتووە. وەلانانی حجابی ئیسلامی و پێشرەوی بزوتنەوەی ژنان بۆتە دیاردەیەکی بەرجەستە، و حجاب وەکو رەمزو پایەکی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، هەڵتەکاوەو گەڕانەوەی بۆ نییە. بزوتنەوەی کرێکاریی ئەم جارە تاک باڵ نییەو بزوتنەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتی لە پاڵ خۆیدا دەبینێ... بزوتنەوەی پشتیوانی جیهانی لە راپەرینی خەڵکی ئێران لەسەراسەری دنیادا کەم وێنەیە و ویست وخواستی خەڵکی ئیرانی بە دنیا نیشاندا.

بۆ لاپەڕە 2

ل9_8 کۆشەی ئەدەب و هونەر

ل7 پرسی ژن

ل5 پرسی ڕۆژ

# درێژەی وتەی ژمارە

ئەم تایبەتمەندیانە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئیراندا، ڕاستەوخۆ ریشەی لە شۆرشگێر بوون و پایەی چینایەتی ئەم هەستان و ڕاپەرینەو پەیوەندی بە... هەژموونی بزوتنەوەکەوە هەیە، بەسەر بزوتنەوە سیاسی و حزبیەکاندا... بزوتنەوەیەک کە ئامادەیی و توانایەکەی لە ئاستی پێشبینی حزب و لایەنە سیاسیەکان واوەترە، بزوتنەوەیەکەیە هێزو لایەنە سیاسیەکانی لە نائامادەیی و کەم تواناییان بێدار کردەوە. تا ئەو ڕادەیەی کە ئەوە دروشم و خواستەکانی جەماوەری راپەڕیووە بۆتە دروشم و خواستی هێزو لایەنە سیاسیەکان، نەک بەپێچەوانەوە. بەواتایەکی تر ئەوە حزب و لایەنە سیاسیەکانن، دەیانەوێت خۆیان بە خواست و داواکاری و دروشمەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی و ناوەرۆکی شۆرشگێرانەکەی هەڵبواسن و جوت بکەن. دروشم و بانگەواز و شێوازەکانی خەباتی خەڵکی ئیران  باڵاتر و گەورەتر و رۆشنتر و زەمینی ترە لە بانگەواز و دروشم و داخوازی سەرجەم حزب و لایەنە سیاسیەکان... دیارە بلۆکی بۆرژوازی و رەوتەکانی، ئامادەیی و حزورێکی بەرجەستەیان، نییەو دروشم و خواستی ئەوان زۆر لاوازتر و لەدواترە لە خواستی جەماوەری ناڕازی و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان.

لەدڵی ئەو تایبەتمەندیانەدا و دۆخی ئێستای درێژەکێشانی ڕاپەریندا... هێزەکانی شۆرش و دژە شۆرش  لەهەوڵی ئەوەدان مۆری خۆیان بەم بزوتنەوەیە بلکێنن، دەیانەوێت ئامادەیی و هەژموونی خۆیان نیشان بدەن... بەتایبەتی هێزەکانی دژە شۆرش دەیانەوێت حزورو ئامادەیی خۆیان نیشان بدەن و خۆیان بە بزوتنەوەو راپەرینی خەڵکی ئێراندا هەڵبواسن. ئەوەش رۆشنە کە ئەم بزوتنەوەیە بەم جۆرەی ئێستای نامێنێتەوە ئاڵوگۆری بەسەدا دێت، چۆن ئاڵوگۆر لەهاوسەنگی نێوان جەماوەری راپەریوو و دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامیدا، پێکهاتووە، ئاواش هاوسەنگی هێز لە نیوان هێزەکانی شۆرش و دژە شۆرشدا، پێک دێت. مەبەست لە هێزەکانی دژە شۆرش، ئەو هێزە بۆرژوازیانەن کە لە بنەرەتدا دژایەتی سەر سەختیان لەگەڵ پایەی چینایەتی ئەم راپەڕین و بزوتنەوەیەدا هەیە. ئەو هێزانەن کە نایانەوێت دەسەڵاتی رژێمی ئیران بە هێزی شۆرشگێرانەی جەماوەری و لەدڵی هەلومەرجی شۆرشگێرانەدا، بروخێت. ئەو هێزانەن کە خوازیاری ئاڵوگۆر لەسەرەون و نایانەوێت پایەی چینایەتی ئەم نیزامە وەکو نیزامی سەرمایەداری، بروخێت. ئەو هێزانەن دەیانەوێت لە نیوەی ڕێگادا شۆڕش بدزن و بەلارێیدا بەرن. ئەو هێزانەن خواستی محەلی و ناسیونالیستی و عەزمەت تەڵەبیان لە بەرامبەر بەداخوازی سەراسەرییدا هەیە. ئەو هێزانەن لە بنەرەتەوە بڕوایان بە هیزی جەماوەری نییەو و رۆڵی جەماوەر وەکو زەخیرەی بەسەرکەوتنی دەسەڵاتی خۆیان دەبینن. ئەو هێزانەن دەیانەوێت سات و سەودا لەسەرەوە لەگەڵ رژێمی نیوە مردوو بکەن و دەستکەوتی بزتنەوەکانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن. ئەو هێزانەن کە پشتیوانی سەرەکی خۆیان بە ئەمریکا و غەرب و کۆمەکی مادی و لۆجیستیکی ئەوان دەزانن. ئەو هێزانەن کە دژایەتی سەرسەختیان لەگەڵ خود ئاگایی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش هەیە. ئەو هیزانەن کە دەیانەوێت ناسنامەی قەومی و میللی، نیشتیمانی جێ نشینی ناسنامەی رادیکاڵ و شۆرشگێرانەی سەراسەری و ناسنامە چینایەتی و ئینسانی و سەراسەریەکەی بکەن... ئەو هیزانەن کە ئەگەر کیشەیان لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندەکان لە ئیران هەیە، بەلام کیشەیان لەگەڵ نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری نییە و لەباشترین حاڵەدا خوازیاری دەسەڵاتێکی نائیسلامی سەرمایەدارین لە ئیراندا، بە بەرگی نیشتیمانی و ناسیونالیستییەوە. دیارە هیز گەلی دژە شۆرشی ئیسلامی شانسیان نییەو ڕیگەی دوبارە حزور پەیداکردنیان لە هیچ بەرگ و رەنگێکی تردا نییە... ئەوەی کە مەترسییە، هێزگەلی دژە شۆرشی بۆرژوازی لە بەرگی ناسیونالیزمی عەزەم تەڵەبی نیشتیمانی و نەتەوەیی و میللیدان.. کە پشت و پەنایان ئەمریکاو غەرب و قوتبە ناوچەییەکانن. هیزەکانی تری دژە شۆرش لە ئاستی محەلی وناوخۆیی ئیراندا، خوازیارن خواستە میللی و نەتەوەیەکانیان، لە ڕیگای سازان و بەکەڵک وەرگرتن لە لاواز بوونی دەسەڵات لە ئیراندا بەدەستەوە بگرن، ئەو هیزانە ئەو بەشەن کە لەسەرەتای ڕاپەرینی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا، هەوڵیان داو بەردەوامن کە ناسنامەی محەلی و ناسیونالیستی زاڵ بکەن و مۆری کورد و عەرب و بلوج و تورکی... لەناو بزوتنەوەی سەراسەری ئیراندا، دەربخەن و کەڵک لە بزوتنەوەی سەراسەری لە پێناو دەستکەوتی محەلیدا، بەدەستەوە بگرن. ئەمانە دژی مافی هاوڵاتی بوونن و خواستی دەستەبەندی جەماوەریان بەپێی ناسنامە قەومی و نەتەوەیەکان هەیە و هەڵگری بەدەستەوە گرتنی ڕیگاچارەی شۆرشگێرانە بۆ چارەسەری پرسە نەتەوەیەکان و ستەم و هەڵاواردنەکان نین، بەڵکو خوازیاری بەشن لە دەسەڵاتی مەرکەزدا.

ئەم هێزگەلە دژە شۆرشە لە راپەرینی ئێستای خەڵکی ئێراندا... خوازیاری درێژەکێشانی بزوتنەوەی و راپەرینی ئێستا نین، بەڵکو لە ریگای ترساندنی خەڵکەوە کە دەڵێن جمهوری ئیسلامی ئیران نارۆخێت، ئیران راپەرین لە خوێن هەڵدەکێشت، خەڵک بەدەستی بەتاڵەوە ئەم رژێمە چەکدارە و خاوەن تەمەنە سەرو چل ساڵەی بۆ لەبەین نابرێت ...تاد، دەیانەوێت خەڵک بترسێنن و کۆتایی بە راپەرین بێت و لەو نێوەشدا قوربانی و خەباتی جەماوەری خەڵکی بکەنە رێگایەک بۆ بەشدار بوون لەدەسەڵاتی ئاخوندەکاندا... ئەم هیز گەلە لە بنەرەتدا هیزی دژە شۆرشن. ئەم هێز گەلە دژە شۆرشەی ئیران... نیگەرانن لە سەراسەری بوونی هەستان و راپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و هاوئاهەنگی نیوان بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا.. ئەوان خوازیاری ئەوەن کۆمەڵگەی ئیران بەپێی ناسنامە نەتەوەیی و قەومیی و دینییەکان بە پێوەری ژمارەی دانیشتوانی، دابەش بکەن بزوتنەوەی سەراسەری ئێستای ئیران بۆ روخاندنی دەسەڵاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی، دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشت بەستوی جەماوەری و زامن بۆ پاراستنی مافە فەردی و مەدەنی و ئینسانی و سەراسەریەکان پارچە پارچە بکەن و دەسەڵاتی پارچە پارچە لەسەر بنەمای قەومی و دینی و تایفی دابسەپێنن و ئەلگۆی مایەپوچ و پڕ تراژیدیای عێراق، دوبارە بکەنەوەو بیکەنە ئەمری واقع... ئەم هیز گەلەی دژی شۆرشە زۆر نیگەرانی داخوازی سەراسەری رادیکاڵ و شۆرشگێرانەو دروشمەکانیانن... کاتێک خەڵک دەڵێن نا بۆ" ستەم گەر چ ڕابەر و چ شا بێت" لەرزیان دێت.

ناسیونالیزمی و کورد فارس... دوو رەوتی دژە شۆرشن و ئەو هێزانە توخمی دزینی شۆرش و راپەڕین و بەلارێدابردن و خاوکردنەوە و دزینیان... هەیە. ئەو هێزو لایەنە سیاسیانەی دژە شۆرش، لەگەڵ ئەوەدا لە سەرهەڵدان و پێگرتنی ئەم بزوتنەوەیەدا رۆڵیان نییە و پێگەیان لەناو بزوتنەوە و خواستی روخاندنی جمهوری ئیسلامیدا، زۆر لاوازو نادیارە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر ئاوا بمێنەوە و گۆرەپانەکە بۆ جەماوەری شۆرشگێرو هێزەکانی لایەنگری شۆرش جێ بهێڵن، بەڵکو لەگەڵ چوونە پێشەوەو بەردەوامی ئەم بزوتنەوەیەدا، ئەوەندی بۆیان بکرێت هەوڵی خۆیان دەخەنە گەر تا سواری شەپۆل و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ببن و ڕاپەرین بدزن بۆ دەستگیربوونیان لەدەسەڵات. نابێ ئەو راستیەشمان لە بییر بچێت، لە نەزمی دژە شۆرشی ئێستای دنیای سەرمایەداریدا، هێزەکانی دژە شۆرش، بۆ بەرەنگار بوونەوەی شۆرش، لە پشتیوانی مادی و لۆجیستیکی میدیایی... هەمەلایەنەی ئەمریکا و غەرب بەهرەمەندن. جەنگ و وەستانەوە بەرووی شۆرشی لەخوارەوەی جەماوەری یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نیزامی سەرمایەداری بەگشتی و ئەمریکا و غەرب و هێزەکانی دژە شۆرشە... دیارە هێزە شۆرشگێر و کۆمۆنیستەکان بە پێچەوانەی هێزە دژە شۆرشەکان هێز گەلێکی هەژارن لە باری مالیەوە و تاکە سەرمایەیەک هەیان بێت، وابەستە بوونیانە بەسەرمایەی سیاسی کە بەرگرییە لە مافە جیهانداگرەکانی ئینسان و خواستی رەوای چینی کریکار و جەماوەری بیبەش و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ئازادیخوازەکان. هەلومەرجی شۆرشگێرانە ژینگەی بەهیزبوون و زامنی بوونیانە بە هیزی کاراو گەورەو کۆمەڵایەتی، دیارە ئەگەر ئەو هێزانە هەڵگری نەخشەی رۆشن و دەخالەتگەری بەجێی کۆمەڵایەتی بن و بەکردەوە بتوانن ببنە نوێنەری خواستە رەواکانی چینی کرێکار و جەماوەری بیبەش.

ئەوەی رۆشنە هیچ کام لە هێزە دژە شۆرشەکان... ناسیونالیزمی کورد بێت یان ئێرانی... تا ئێستا بەشیک نین لە بزوتنەوەی کارا و دەخالەتگەر و مۆری ئەوان بە بزوتنەوەی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی زۆر لاوازە... بەڵام دەبێ ئەوە رۆشن بێت، ئەو هێزانە ناتوانن ئاوا بمێنەوە و هەوڵی خۆیان بۆ ئامانجەکانی خۆیان و بوونیان بە هێزی چالاک لە گۆرەپانەکەدا دەدەن و نیگەرانن لە بەردەوامی ڕاپەرین و رۆڵی ژنان و دروشمەکان و سەراسەری بوون و هاوئاهەنگ بوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان. بۆیە یەکێک لە ئەرکە چارەنووسازەکانی هێزەکانی لایەنگری شۆرش و ئاڵوگۆری شۆرشگێرانە، پوچەڵکردنەوە نەخشە و پیلانەکانی هێزەکانی دژە شۆرشە و ئەلتەنایفەکانیانە.... خستنەرووی ماهیەتی چینایەتی و کارنامەیانە، نیشاندانی ناکۆکیەکەیانە لەگەڵ شۆرش و خواستەکانی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشدا. روخاندنی رژێمی ئیسلامی چەندە هەنگاویکی گرنگ و چارەنووسازە بۆ ئایندەیەکی باشتر و ژیانێکی ئازاد و بەرابەر و تەسەلی ئینسانی، ئاواش ناسینی هێزەکانی دژە شۆرش و پوچەڵکردنەوەی هەنگاو نەخشەو سیاسەت و مانۆر و پلانەکانیان... لە ئێستاوە ئەرکی هێزە شۆڕشگێرە چەپ و کۆمۆنیست و پیشکەوتنخوازەکانە و لابردنی کۆسپێکی هەرە گەورەی بەردەم راپەرین و شۆرشە...

**ناسینی هێزەکانی دژە شۆڕش و پوچەڵکردنەوەی هەنگاو نەخشەو سیاسەت و مانۆر و پلانەکانیان... لە ئێستاوە ئەرکی هێزە شۆڕشگێرە چەپ و کۆمۆنیست و پیشکەوتنخوازەکانە و لابردنی کۆسپێکی هەرە گەورەی بەردەم ڕاپەرین و شۆڕشە...**

# درێژەی...ئیسلامی و سەلەفیەکان بەردەوامن لە هەوڵی بە حجابکردنی کۆمەڵگە...

خاڵییەکان لەهەر زانستێک و هەر پێشکەوتخوازییەکە، لە جێگای مەراسیم سازکردن و سمینار وەرێخستن لەسەر پیشرەوییە زانستیەکان و دەستکەوتەکانی بەرەپیشەوە چوونی زانست و زانیاری و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگە، دەست بۆ ئەم مەراسیمە کۆنەپەرستانە دەبەن و حەرەمی زانکۆکان بە حجابکردنی ژنانی ئیسلامی، لیخن دەکەن.

خوێندکارانی زانکۆکان ڕۆژانە خەریکی نارەزایەتی دەربڕینن لە پێناو خواستە زۆر سەرەتاییەکانیان وەکو چاککردن و باشکردنی بەشە ناوخۆییەکان، بۆ دەرماڵەو ئاو و کارەبا و گواستنەوە...تاد، کەچی ئاوڕ لەو خواستە سادانەی خوێندکاران نادەنەوە، کەچی دنیایەک پارەو پول سەرفی بۆنەی ئیسلامی و حجاب لەسەکردنی ژنان دەکەن. ئەم سەرپۆش کردنە سەر ژنانەی زانکۆ لە کەرکوک لە درێژەی پرۆسیسی بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەدایە کە ئیسلامیەکانی کوردسان و سەلەفیەکان زیاتر لە سێ دەهە، بە بەردەوامی وەڕی دەخەن و شانازی پێوە دەکەن. ئیسلامیەکان و سەلەفیەکان، بە پشتیوانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کەڵک وەرگر لە ئیسلام و تیکەڵکردنی دین لەگەڵ یاساکان و خوێندن و پەروەردەو سیاسەت، ژینگەیان بۆ ئامادەکراوە ئەسپێ تۆپیوی خۆیان لە گۆرەپانی مەدەنیەتی کۆمەڵگەی کوردستاندا تاو بدەن و لەو ڕێگایەوە بەر بە پێشکەوتن و پێشرەوی کۆمەڵگە بگرن، کە ڕەوتێکە گەرانەوەی بۆ نییەو دنیای ئەمڕۆ ناتوانرێت بگێردرێتەوە بۆ سەردەمی جاهیلیەت و خولەفاکانی راشیدین...تاد.

درۆی ئازادی جل پۆشین ئەو کاتە لای ئیسلامیەکان دەدەکەوێت، کە ئامادەن دنیایەک لە داهاتی نۆکەرایەتیان کە لە وڵاتانی ئیسلامی و ناوچەکە وەریدەگرن سەرفی حجاب لەسەر کردنی ژنان بکەن. ئەگەر جل و بەرگ ئازادانەیە... مەراسیمی حجاب کردن و باڵاپۆشی یانی چی؟ ئەگەر جل و بەرگ پۆشین ئازادە ئەی بۆچی دەست لە سوکایەتی کردن بە ژنان هەڵناگرن کە حجاب ناکەن و جلی ئاڵاو واڵاو و رازاوەو مۆدێرن دەپۆشن... بۆچی ریزیک مەلای بەلاشخۆر لە چەشنی مەلا عەبدللەتیف و مەلا هەڵۆ و شوشەیی و مەزهەرەکان... ڕۆژانە سوکایەتی بە ژنان و چوونی ژنان بۆ زانکۆ و چوونە دەرەوەو کارکردنیان دەکەن و هەر کەسێکیش ڕەخنە لە قورعان و حەدیس و ڕەمزەکانی ئیسلام بگرێت، تەکفیریان دەکەن و فتوایان بۆ دەردەکەن...

حجابی ئیسلامی کە ئیسلامیەکان ناویان ناوە" باڵاپۆشی" نەک هەڵبژاردنێکی ئازادانەی ژنان نییە، بەڵکو ڕەمزی سەندنەوەی ئازادی لەژن و سمبولی ئیسلامی سیاسی و ڕێگای مل کەچ کردن بە ژنانە. ترساندنی ژنان بە ئاگری دۆزەخ، ئەگەر حجاب نەپۆشن یانی ڕەتکردنەوەی ئازادی ژنان و ناچارکردنیان لە ڕێگای زۆرەوە. ئیسلامیەکانی کوردستان کە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ناتوانن زیاد بکەن و پێگەیان بەهێز بکەن، بۆیە دەیانەوێت لەو ڕێگا شکستخواردووە کۆمەڵگە لیخن بکەن... ژنانی کوردستان کارنامەی ئیسلامی سیاسی دەناسن و مل بە حجاب و نەریتی ئیسلامیەکان نادەن، بۆیە ئیسلامیەکان هەراسانن و دەیانەوێت لە ڕێگای ژنانی سەر بە حزبەکانی خۆیانەوە، مەراسیمی حجاب پۆشین، وەڕی بخەن و سەرنجی کۆمەڵگەی بۆ رابکێشن... بەڵام دیسان دەبینن، بازارو مارکێتەکان، کارگەو دامەزراوەکان، دەشت و دەرو سەیرانگاکان، جمەی دێت لە ژنانی ئازاد و جلی ئاڵاو واڵای جوانی سروشتی و دوور لە حجابی ئیسلامی و باڵاپۆشی ئیسلامیەکان... ئەوەی ئیسلامیەکان ناویان ناوە تاجی زێرین!! تاجی ملکەچ پێکردنی ژنانە و سەندنەوەی مافی ئازادانەی جل و بەرگ پۆشینە.

لە ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی ئیران، کەوتۆتە بەردەم شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەرییەوە و بەتایبەتیش کەوتۆتە بەردەم تورەیی ژنان، یەکەمین قوربانی ڕەمزی ئیسلام و دەسەڵات، حجاب و باڵاپۆشی ئیسلامییە... بە کەوتنی ئاخوندەکان و تەنانەت لاواز بوونی تا ئێستای، خۆری ئیسلامیەکانیان و ڕەمزەکانیان هێندەی تر ئاوا دەکات و دەبێت دەست و ڕوو لە ئاسمان لە خودا!! بپارێنەوە، لە دەست ژنانی ئازاد و تورە بیانپارێزێت.

# درێژەی...ناڕەزایەتی جەماوەری بە دژی ئاکامەکانی جەنگ لە ئۆکرانیا، ئەوروپا دەگرێتەوە...

چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی خەڵکی ناچار کردووە بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانیان و وەستانەوە بەرووی هێرشی بەردەوامی دەوڵەتەکان و کۆمپانیاکان، بێنە مەیدان و خۆپیشاندنی سەدان هەزار کەسی وەرێ بخەن. جیا لەوانە خەڵک خوازیاری ئەوەن وڵاتەکانیان ئابڵۆقەی سەر روسیا هەڵبگرن و لە ڕێکخراوەی ناتۆ بێنە دەرەوە.

بەجیا لەخودی چاوچنۆکی نیزامی سەرمایەداری و هێرشی بەردەوامی بۆسەر سفرەی کریکاران و جەماوەری خەڵک و هەوڵەکانی بۆ سەندنەوەی ماف و دەستکەوتەکانی پیشووی بزوتنەوەی کرێکاریی و جەماوەری، جەنگ لە ئۆکرانیا کە لەجەمسەرێکیدا روسیا و لە جەمسەری بەرامبەریدا ئەمریکاو ناتۆ وەستاون... بۆتە هۆی ئەوەی کە رادەی هەڵاوسان و گرانی بە شێوەیەکی خەیاڵی بباتە سەرەوە. خەڵکی دنیا بەگشتی و




ئەوروپا بەتایبەتی لەگەڵ ئەوەدا لەگەڵ جەنگ لە ئۆکرانیا نین و خوازیاری بەشداری دەوڵەکانیان لە جەنگدا نین، بەڵام لێکەوتەو کاریگەرییەکانی ئەم جەنگە دەشکێنەوە بەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا، ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرمایەداران و بانک و کۆمپانیاکانیان، لە دڵی ئەم دۆخە ناهەموارەی جەماوەری ملیۆنییدا، خەریکی کەڵەکەی سەرمایەو قازانجی زۆترن و خودی جەنگ بۆیان بۆتە نیعەمەتێک بۆ سودی زیاتر، لەسەر حسابی شکاندنەوەی ئاکامەکانی جەنگ بەدژی چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی خەڵکدا.

بەریتانیا و فەرەنسا، ڕۆمانیا و ئەڵمانیا، هۆڵەنداو چیک و یۆنان و ئیتاڵیا...تاد، بۆنە شانۆی نمایشی هاتنە مەیدانی چینی کریکار بەدژی گرانی و بەرین بوونەوەی هەژاری و فراوان بوونەوەی بێکاری و سەختی ژیاندا... چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش چیتر توانای بەرگەگرتنی هێرشی بۆرژوازی و وڵاتەکانیان نییە، بۆیە ناچارن بۆ بەگری لە ژیان و گوزەرانیان لە ڕێگای کۆبونەوەو مانگرتن، خۆپیشاندان...پەیامی دژ بەجەنگ و سیاسەتی وڵاتەکانیان بێنە مەیدان. دیارە هێشتا ئاسۆیەک بۆ کۆتاییهاتنی جەنگ لە ئۆکرانیا نابینرێت و سەرمای زستانیش بەرێوەیە... کە پێشبینی دەکرێت لە وەرزی زستاندا، هیندەی تر پێداویستییە سەرەکیەکانی ژیان بەتایبەتی سوتەمەنی و خۆراک و کارەبا، نرخەکانیان زیاتر هەڵبکشێت و گرانی و نەبوونی و هەژاری بەرادەیەکی زۆرتر یەخەگیریان بێت...

دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، لە پێناو هەژموونی و بۆ قازانجی خۆیان و چینی بۆرژوای ئەو وڵاتانەو لە پێناو ئارایشی تازەی نوێی جیهانیدا بەشداری جەنگەکان دەبن و جەنگ هەلدەگریسێنن، دەستێوەردان دەکەن و ملهوری سەربازی و سیاسی و لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا دەکەن، بەڵام باجی ئەو ملهوری و دەخالەتی سەربازی و بوونیان بە لایەنی شەر، دەخەنە سەرشانی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و نەداری دژە جەنگ. لەو نێوەشدا سەرمایەداران و کۆمپانیاکانیان، سود دەکەن و خەلکیش دەبنە قوربانی ئەو سیاسەتە دژە ئینسانیانەیان. سەرئەنجام ئەوەی دەتوانێت کۆتایی بە جەنگ لە ئۆکرانیا بهێنێت، تەنها لەڕیگای وەرێکەوتنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری ملیۆنییەوە دەبێت، کە گەروی دەسەڵاتی سەرمایە لە وڵاتەکاندا بگرێت.

**حجابی ئیسلامی کە ئیسلامیەکان ناویان ناوە" باڵاپۆشی" نەک هەڵبژاردنێکی ئازادانەی ژنان نییە، بەڵکو ڕەمزی سەندنەوەی ئازادی لەژن و سمبولی ئیسلامی سیاسی و ڕێگای مل کەچ کردن بە ژنانە. ترساندنی ژنان بە ئاگری دۆزەخ، ئەگەر حجاب نەپۆشن یانی ڕەتکردنەوەی ئازادی ژنان و ناچارکردنیان لە ڕێگای زۆرەوە...**

# کامێرای چاودێری یان چەواشەکاری؟



**نووسینی: دلێر محەمەد نوری**

ئەگەر هاتوو ڤیدیۆی زەلامێکیان پێ نیشاندان، کە سەرەتا لەسەر پێیەکانی وەستا بوو، پاشان پێنج شەش جار و لە سەر یەک، بۆ دواوە و بەک یەک ئەندازە و بە ڕێکی تەقلەی لێدا و دواجار دیسان، لەسەر قاچەکانی، بە بێ کێشە وەستایەوە. ئەوە بزانە، ڕەنگە ئەمە زۆر مەحاڵ بێ، بەڵام ئەکرێ ئەمە ڕووی دابێ. بەمەرجێک تەقلەلێدانەکان، بەرەو پێشەوە بووبن، نەک بەرەو دواوە. بەڵام خاوەن کامێرا، لە دواوە بۆ پێشەوە، دیمەنەکەی نیشاندابن و چەواشەی کردبن. خۆ ئەگەر لە گرتەیەکی ڤیدیۆیی، وێنەیەکیان بۆ دەرهێناین، یاخود بەشی کۆتایی گرتەیەکیان نیشان داین و پێشەکەیان سڕییەوە و مێمۆرییان ون کرد و کامێرا و دام و دەزگاکانیان گۆڕی بە دانەیەکی نوێ. ئەوا لامان ڕوون بێت کە کردەی چاودێری ڕاستییەکانیان لێ گۆڕیوین بە چەواشەکاری. بۆ نموونە ئەگەر تەواوی گرتەکە بەم جۆرە بێت (پیاوێک بێت و لە جادەیەکدا، لە کاتێکی ناوەختدا، چەقۆیەک لە سەر سنگی پیاوێکی دیکە گیر بکات و چەقۆکە جێبهێڵێت لە سنگیدا و بڕوات. پیاوی ژمارە سێش بە سەردا بێت و توند چەقوکە دەربهێنێ و دەستێک لە شادەماری ملی بدات و گوێچکەیەک بنێ بە دەمێوە. بۆی ڕوون بێتەوە کە ئەم کەسە مردووە و بەختی ڕزگارکردنی نەماوە. ئەوسا ترس دایبگرێ و بۆ ئەوەی بە هەڵە نەکرێ بە تاوانبار و چەقۆکە ببات و بیخانە ئاوێکەوە و هەڵبێت. گەر تەواوی ڤیدیۆکە ئەمە بێت و بە جۆرێک کەرتی بکەن و لەو چرکەساتەوە نیشانمانی بدەن کە پیاوی سێیەم چەقۆکە لە سنگی مردووەکە دەردەهێنێ و□ هەڵدێت. بەم دیمەنە تاوانبار ون ئەکرێت و ئەشاردرێتەوە و پیاوچاک و بێتاوانیش ئەبێت بە تاوانباری ڕاستەقینە. هەر بۆیە بینەر دەبێت، تێبفکرێ و چاک بزانێت، کە کامێرای چاودێریش وەکو زۆرێک لە کەرەستەکانی دیکەی ژیان، چەکێکی دوو سەری دژ بە یەکە. هەر وەکو قەڵەم، کە ئەکرێت هەواڵ و زانیاری و ئامۆژگاری هەڵە و درۆ و چەواشەکاری پێ بنووسرێت. ئەشکرێ وشەی لە گوڵ و ژیاندۆست و ڕێک و بەجێ و سودبەخشیشی پێ بنووسرێ. هەر وەکو ئەتۆم ئەکرێ بەکارهێنەری ژیانی لێ دروست بکات و ئەشکرێ بیکات بە مەرگ بۆ مرۆڤەکان. وەکو کتێب و وەکو چەک و زۆر کەرەستەی دیکەی ژیان.

خاوەن و کارپێکەر و بەرپرسەکانی ئەم کەرەستانە، ئاراستەیان ئەکەن بەو جۆرەی دڵیان ئەیخوازێت. بۆیە کامێراکانی چاودێریش گەر لە دەستی ئەمیندا نەبن، ئەتوانن تاوانباری مەترسیدار بشارنەوە و بێ تاوانیش بکەن بە تاوانباری ڕاستەقینە. ئاشکرایە کامێرا و کەرەستە و دەزگا و هۆکارەکانی سێکتەری ئاسایش و پۆلیسی وڵاتان، زۆر لە جاران زیاتر و گەلێ کاری قورسیان بۆ دەزگا ئەمنییەکان ئاسان کردووە. تەکنەلۆژیای کامێرای چاودێری یەکێکە لەو تەکنەلۆژیایانەی کە بە نرخی گونجاو، کاری مەزن بۆ پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵگا ئەنجام دەدەن. ئەمڕۆ شارەکانی کوردستان، وەکو زۆربەی شارەکانی جیهان، تەنراوە بە کامێرای چاودێری. بە جۆرێکە خۆ ئەگەر لە هەر شوێنێکی ئەم شار و شارۆچکانەدا، ڕووداوێکی کوشتن یان شەڕ یاخو تەقینەوە ڕوو بدەن، دوای چەند کاتژمێرێک یاخود ڕۆژێک، ڤیدیۆی ڕووداوەکە، تەواوی میدیا جۆراوجۆرەکان دەتەنن، بەڵام دوای مۆنتاج و دۆبلاج و تێکست کردن و بە ڕەنگی سور بازنە بەدەور کێشان و خەت بەژێردا هێنان و پرتەپرتی تیری سوری ئاراستەکراو ، یاخود بە بیانووی لە کارکەوتنی کامێراکان، نە ڤیدیۆ ئەبینین و نە مێمۆری، هەر وەک ئەوەی هیچ شتێک ڕووی نەدابێ و نە نیسکە شووشەی کامێراکە هیچی دیبێ و مێمۆریش هیچ لەو ڕووداوە لە بیر مابێ. ئاشکرایە کامێراکانی چاودێری ئەم بەر لە دەستی دەزگا ئەمنییەکانی ئەمبەرە و هی ئەوبەریش وا لە دەستی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوبەرە. ئەپرسم ئاخۆ، بەو پاشخانەی ئەم دوو دەسەڵاتە هەیانە، لە ململانێی ناشرینی یەکتری و لە ململانێ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ئەپرسم ئاخۆ میمۆری ئەو کامێرانە کە لە دەستی نادادپەروەر و نا ئەمیندا بێ، لە دەستێکدا بێ ئامادەبێ بە ئاسانی دەستەکەی دیکەی با بدات و بیشکێنێ. ئامادەبێ بۆ بەرژەوەندییەکی بچووک یاخود فشار بۆ هێنانێک، لە پێناو دەسکەوتی سیاسیدا دژ بەوی دیکە، سەر بکات بە کۆشی، کام دوژمنە سەختە لە ناوچەکەدا، ئەتوانین ئێمە وا بە ئاسانی چاودێری و چەواشەکارییان، ڕاستیان لە درۆیان، تاوانبار و بێتاوانیان جوێ بکەینەوە!

# سەرۆك وەزیرانی عێراق وكابینەكەی بەزۆرینەی دەنگ لە پەرلەمانی عێراق شەرعیەتی وەرگرت!!

**نووسینی: وەستا مەهدی**



دوای زیاتر لە ساڵێک بەسەر هەڵبژاردنی پێش وەختەی عێراقدا، سەر ئەنجام حکومەتێکی لەرزۆک و لە عێراقدا پێکهات. محمد شیاع سودانی سەرۆک وەزیران لە وتەکەیدا لە بەردەم پەلەمان بەڵێنیدا کە روبەروی گەندەڵی بێتەوە و چارەسەری دیاردەی بێکاری بکاو هەلی کار برەخسێنی، و گەنجانی هەردوو رەگەز بخاتەسەر کار، هەروها یارمەتی دەستکورت و هەژاران بدات، بەتایبەت ئەوانەی سەرچاوەی داهاتیان سنورداره. هەروها بەڵێنی چاکسازی دا لە سەکتەری ئابوری ومالی بەتایبەت لە کشتوکاڵ و پیشەسازی وبانکی وپاڵپشتی کەرتی تایبەت، وە پەلەکردن لە گەشەپێدان وچاککردنی خزمەتگوزارییەکان و ئەم پرسانە دەبنە ئەولەویاتی کابینەکەی سودانی. ئەمانە کۆمەڵێک قسەی بریق و باقی هەمو سەرەک وەزیرەکانە لەکاتی دەست بەکاربونیان و پێدەچێ پێشوەخت کۆپی پەیسیان کردبێ و بەجوانی خوێندنەوەیان بۆکردووە، ئینجا دێن و لەبەردەم پەرلەمان دەیخوێننەوە. ئەم قسانەی سودانی لای خەڵکی عێراق دەمیکە ئەزموون کراوە و ناتوانیت هیچ کەسێکی هوشیار فریوبدات. خەڵکی عێراقیش سەرخەتی داخوازییەکانی بە رۆشنی راگەیاندووە و حکومەتەکەی سودانیش جگە لە بایەخ دان بە بەکەرتی تایبەت، بەکردەوە ناتوانێت هیچ خزمەتێک بە چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش بکات، یان چاکسازی و پاکسازی بکات، چونکە ئەم حکومەتە و دەسەڵاتی بۆرژوازی عێراقی لەسەر پایەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەدار و کۆمپانیاکانیان دامەزراوە. لەناو لیستی بەڵین و کارنامەی سۆدانیدا تەنها کەرتی تایبەت دەتوانێت ببێتە کاری حکومەتە گەندەڵەکەیان، کە خواستی خەڵکی کرێکارو زەحمەت کێش نییە و ئەوەش کە خەڵک بەدەستیەوە دەناڵێنن سیستەمی بازاری ئازادە، کە کەرتی تایبەت یەکێکە لە پرۆژە سەرەکیەکانی و ریگرە لەبەردەم باشکردنی هەلومەرجی کارو ژیانی ملیۆنەها کرێکاری لەسەرکارو بێکاریش، ئەوان دەیانەوێت بەهەر وەسیلەیەک بێت دەنگە نارازیەکان کپ کەنەوە ئەگەر بۆماوەی یەکساڵیش درێژە بە تاڵانچێتی و چەوسانەوەی چینی کرێکار بدەن و ریزی نارەزایەتیەکان بەرنە دواوەو جۆرێک لە ئەمنیەت دەستەبەرکەن بۆکۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت و سامانە سروشتیەکان. ئەوا دەتوانن هاوپشتی نێودەوڵەتی بۆ بۆرجوازی عیراق بەهێزبکەن و دڵی خاوەن کومپانیاکان رازی کەن و تەمەنی دەسەلاتەکەشیان درێژبکەنەوە و ئۆپۆزسیۆنی بۆرجوازیش دڵخۆشکەن. بۆیە خەڵکی نارازی نابێت هیچ چاوەروانیەکیان لە سودانی و کابینەکەی هەبێت و ئەو وەعدانەش دەبنە بڵقی سەرئاو و لە ئەنجامدا دەیان پاساوی بێ بنەما دەکەنە رێگرو خۆشیان لە هەمو وەعدو بەڵێنەکان دەدزنەوە و ئەو دروشمەی کە تشرینیەکان دەیانوت (المجرب لایجرب) پشت راست دەبێتەوە، ئەم سیستەم و دەسەڵاتە ئیمتیحانی خۆیان داوەو سەرئەنجام هەمو نمرەکانیان سفرە و ساقیتن، بۆیە درەنگ یان زوو خرۆشانی جەماوەری نارازی لەم سیستەمە، سەراکانی ئازادی دەرازێننەوە بە دروشمی برۆن برۆن ئیتر بەسە.

٢٨/١٠/٢٠٢٢

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.

* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.

* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.

* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.


* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
ساڵی شەشەم ژمارە (132) بەرواری 1-11-2022

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

bopeshawa@gmail.com

# ئارام حەسەن نووسەر وەڵام بەپرسی ڕۆژی ژمارە دەداتەوە..



**پرسی ڕۆژ: ئیسماعیل خەیات یەکێك لە ناوە بەرچاو و جێگەوتەکانی هونەری شێوەکاری ناو ڕەنگەکانی کوردستان بەتایبەت ماڵئاواییکرد. شێوەی بەڕێوەچوونی مەراسیمی بەخاکسپاردنەکەی دەنگۆ و قسەی زۆری لێکەوتۆتەوە لەناو ڕۆشنبیر و هونەرمەند و نووسەران و کەسانی حەقخواز و ئازادیخوازی کۆمەڵگەی کوردستان. نیگەرانیەکە لەوەیە کە دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم و بەرپرسان و خەڵك بەگشتی لەئاست ماندووبوون و ئەرکێك کە ئیسماعیل خەیات لە پێناو هونەر و خەباتی هونەری بەرگریدا کردوویەتی نەبوون. ئاماژەش بەوەدەکرێت کاتێك ڕێوڕەسمی کەسانی وەك خەیات و شێرکۆ و عەزیز گەردی و مستەفا شووکر..تاد بەراورد بە کەسێکی دەسەڵاتداری سیاسی دەکرێت، جیاوزایەکی زۆر گەورە بەدی دەکرێت. ئەوەجگە لەوەی ڕەخنەی تایبەتتر لەو شارە دەکرێت کە بەناوی پایتەختی ڕۆشنبیریەوە ناونراوە!**

**ئایا هۆکار سەرقاڵی خەڵکە، یان وەك کەلتورێك کە دەبێت مردوو زوو بەخاك بسپێردرێت؟ بۆیە خەڵك دەسەڵاتداران نەیانتوانیوە بەئەرکی خۆیان هەستن، یان نەخێر پرسەکە سیاسیە و بەنەخشە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کوردستان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات کە مرۆڤ بەگشتی و کەسانی دڵسۆز و جێکەوتە لەکۆمەڵگە بەوجۆرە پاداشت دەکرێن؟ڕای ئێوەی ئازیز بۆ ئەم پرسە چۆنە؟**

**بەڕێز ئارام حەسەن نووسەر بەمشێوەیە وەڵامی پرسی ئەمجارەی بۆپێشەوەی داوەتەوە.**

**چەند هۆکارێك هەیە سەبارەت بە گرنگی پێنەدانی خەڵك لەکاتی بەخاك سپاردنی کەسانی وەك ئیسماعیل خەیات:**

**یەکەم: بەهۆی تەکنەلۆژیاوە، تادێت پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کاڵتر ئەبنەوە، ئەوەندەی کە چاوەکانی ئەمڕۆ ڕوو لە شاشەن، ڕوو لە هونەر و ئەدەبیات نین، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی نێوان خەڵك و هونەرمەند، خەڵك و نووسەر تابڵێی ساردن، ئەمەش پێش ئەوەی خەتای خەڵکبێ، خەتای هونەرمەندان و ئەدیبانە، چونکە بەداخەوە چ هونەرمەند و چ ئەدیب بەشێکی زۆریان لوتبەرز و لە خۆباییین، خەڵك زۆر لە خوار خۆیانەوە ئەبینن، هەر بەوەی کە کتێبێکی نووسیوە، یان پێشانگەیەکی شێوەکاری کردوەتەوە.**

**دوەم: دەسەڵات و پەروەردە و ڕاگەیاندن، سی ساڵە بە ڕۆژی نیوەڕۆ، بەبەرچاوی خەڵکەوە ئیش لەسەر بێقیمەت کردنی ئەدەب و هونەر ئەکەن.**

**سێیەم: ئیرەیی بردن و کێبڕکێی نێوان ئەدیبان و هونەرمەندان وایکردوە خوێنەر و بینەری نوخبە دروست ببن، واتە هونەرمەندان و نوسەران جەماوەری تایبەت بە خۆیان پەیدا کردوە، کە تەنیا یەك نووسەر بە نووسەر ببینن و یەك هونەرمەندیش بە هونەرمەند.**


**چوارەم: سەرقاڵی خەڵك بە پەیداکردنی نانەوە، وایکردوە لەتێك نان لە جوانترین تابلۆ جوانتربێ لە پێشچاویان . لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، ئەم نەوەیەی ئێستا، نەوەی پۆپجی و مزگەوتن، بەشێك پۆپجی بە فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر و نیشتمان ئەبینن، بەشەکەی تریش خەریکی دیندارین، وا فێرکراون چوونە سەر گۆڕی هونەرمەند و غەیرەدینەکان شیرك و حەرامە.. ئەمانە هۆکاری ئەو چۆڵەوانیەی گۆڕستان بوون لە کاتی بەخاك سپاردنی شێوەکاری ڕۆح شاد (ئیسماعیل خەیات)دا...**

## له بەرپرسی گۆشەی پرسی ڕۆژەوە

خوێنەرانی خۆشەویستی بۆپێشەوە و گۆشەی پرسی ڕۆژ، بەداوای لێبوردنێکی زۆرەوە بە ئاگاداریتان دەگەیەنم، کە بەهۆی کێشەیەکی تایبەتییەوە، بۆ چەند ژمارەیەک "پرسی ڕۆژ " مان نابێت... بەڵام دڵنیاتان دەکەینەوە زۆر ناخایەنێت و دەگەڕینەوە لاتان...

بەرپرسی گۆشەی پرسی ڕۆژ ئاراس ڕەشید/ هاوکاری سەرنووسەر

# نەوت وهەرێمی کوردستانی عیراق...



نەوت: پێکهاتەیەکی سروشتی ڕەنگی ڕەشی توخ بەگشتی لەژێر زەویدایە، بەڵام لەهەندێک شوێنی وڵاتاندا دەکەوێتە ژێر زەریاو دەریاکان. هەر وڵاتێک سەرچاوەی نەوتی تێدابێت دەبێتە ئابووریەکی بەهێزو پتەو لە زانستی ئابووریدا بە زێڕی ڕەش ناو دەبرێت.

**هەرێمی کوردستانی - عێراق**

کوردستانی باشوری عێراق لە سێ پارێزگادا بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی نەوت یان پێکهاتەکانی هەیە لە سنوری((سلێمانیی - هەولێر - کرکوک )) لە سلێمانی ناوچەی (قادر کرم - چەمچەماڵ) کەرکوک شاری نەوتە بە جۆرێک لە هەندێک ناوچە تەنها بە هەڵکەندنی ۱۰م )) دەڕواتە سەر نەوت.

تا ئێرە شیکردنەوەیەکی زانستی جوگرافیا و ئابوری هەرێمی کوردستان بێت، بەڵام ئەوەی هیچ پێوەرێک ناتوانێت پێ بپێوین یان ((بپێورێت)) ئەو سامانە زۆرە تەنها هەناردەی نەوتی ساڵی ۲۰۲۲ کە بڕی پێویستی خزمەتگوزاریەکانە.

بەڵام وڵاتێک کە لە ((۷۰ )) هاووڵاتیانی لە ژێرهێڵی هەژاریەوە بێت. بەڵگەیەی ڕوون و ئاشکرایە لەسەر گەندەڵیەکان، بە جۆرێک کە حوکمەت و دوو پارتی حوکمڕان لێ بەرپرسیارن.
بەجۆرێک دەمەوێت سەرنجتان ڕابکێشم بۆ نموونەیەکی سادە بە جۆرێک زۆر ئاسان بێت بۆ تێگەیشتنتان.
ڕێگایەک (جادە ) یەکەی ناو شار یان دەرەوەی شارکە درووست دەکرێت پاش بڕین و پڕکردنەوە پێویستی بە قیرتاوکردنە، پێکهاتەی سەرەکی قیریش لە نەوتی ڕەش دەردەهێنرێ کە بە دوو پێکهاتە قیرتاو دەکرێت قوناغی یەکەم نەوتە ڕەشەکە دەڕێژرێت، بۆ ماوە ی ۲٤ کاتژێر قۆناغی دووەم قیرتاوکردنەکەیە.
هەردوو پێکهاتەکە لە نەوتە کە عێراق سێیەم وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە.

کەچی جادەکانی هەرێمی کوردستانی ڕێگای مەرگە (بەڕێگای مەرگ ناو دەبرێت) وە ڕێگای مەرگیشە. دەمەوێت تازەترین کارەسات و تراجیدای نیوان سلێمانیی و کەلار کە چەند کیلۆمەتریکە زیاتر لە ۱۰ ساڵە تەواو نەبووەو چەندین قورباني لێکەوتۆتەوە. تەنها مانگی ڕابوورد ٥ هاووڵاتی گیانیان سپارد ئەمە لە کاتێکدا نەک یەکەمین جار و دووەهەمین جارو دەهەمین جار، بەڵکو سەدەمین جارە. کە جادەی نێوان دوو شاری گەورەیە کارەساتی گەورەی وای تیا دووبارە دەبێتەوە.
ئەمە جگە لەژێرخانی ئابوری وڵاتەکە کە ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبایە لەوپەڕی خراپی دایە.
لە ساڵانی ڕابردودا وە لە ئێستاشدا چەندین خوپیشاندان و نارەزانیەتی گەورە لەسەر داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی هاووڵاتێ هاتۆتە سەرشەقام کە حوکمەت و دەستەڵاتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت دووپارتی دەستەڵاتدار (یەکێتی و پارتی ) چەندین خۆپیشاندانیان شەهید و بریندار وە زیندانی کرد کە لە ناویاندا چالاکوانی سیاسی مەدەنی و ڕۆژنامە نووسانی تێدا بوو.
لەنوێترێن پێشهاتدا چالاکوانانی بادینان کە ژمارەک چالاکوان و ڕۆژنامەنوسی بادینان ماوەی دووساڵە لە زیندانن، وە دوێنی پارێزەری کەیسی چالاکوانەکانیش هاوشێوەی چالاکواناکان دەستبەسەر کرا. ئەمە تازەترین خەڵاتی حوکمەت و دەستەڵاتدارانە بۆ چالاکوان و ڕەخنەگران و نوسەران و پارێزەران دەرخەرانی گەندەڵی.
مێژوو سەلماندوویەتی هیچ ڕژێمێکی دیکتاتۆر ستەمکار ناتوانیت ڕێ لە ئازادی و مافی هاووڵاتی بگرێت.

بۆیە من وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە لە ساڵانی ڕابورو وە لە ئێستەشدا شاهێدی بە هەدەردان و گەندەڵی حوکمەت و دوو پارتی دیکتاتۆری حوکمڕان بووم.

**نوسینی ئەندازیار / چیا سعد**
**چالاکوانی سیاسی.**



# دەبێت ئاین بخرێتە قەفەسەوە!

## نووسینی: مستەفا باهیر

پرانسیپێکی هەرە سەرەتایی ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت ئازاد بێت لەوەی کە چ جۆرە بیرو باوەڕێکی هەیە لەناویشیاندا چ دینێک هەڵ دەبژێرێت بۆ خۆی، هەرچەند ئەو دینە یان ئەوبیروباوەرە کۆنەپەرست، راسیست، داوکەوتوو، هەڵاواردن ئامیز...تاد مادام خۆی دەیەوێت وا بیر بکاتەوە تا ئەو جێگایەی کە زیانی بۆ کەس نەبێت و کەس نەترسێنی و تایبەت بێت، دەبێت ئازادبێت. بەکورتی ئینسان دەبێت ئازادبێت کە چۆن پێیخۆشە وابیر بکاتەوە، دیندارە یاخود بێدین. هیچ کەس ولایەنێک بۆی نییە بچێتە دونیای ناوەوەی ئینسان و پێی بڵێت نابێت تۆ وا بیر بکەیتەوە، یان نابێت ئەودینەت هەبیت یان نابێت بێ دینبیت. بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ئاین بەگشتی بۆ مرۆڤەکان مایەی سەرکوتە، مایەی ڕەنج وکویرەوەریە، مایەی بی ڕێزیە، مایەی ریسوا بوونی مرۆڤەکانە بەکورتی دەبێت ئەو بزانین کە ئاین بەگشتی تلیاکی گەلانە. و هەموو کەس و تاکێکیش مافی ئەوەی هەیە ڕەخنە لەهەر دین و بیروباوەڕێک بگرێت.

لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە هەزاران ئاین هەیە، سێ لەمانە بە ئاینی ئاسمانی ناودەبرێت (یەهودی، مەسیحی، ئیسلام) لە ژێر فشاری ئازادی خوازاندا توانراوە یەکەم و دووهەم لەدەوڵەت و پەروەردە دوورخرێنەوە و بکرێتە کاری تایبەتی مرۆڤەکان. بەڵام ئاینی سێهەم واتە ئیسلام لە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی کە دانیشتوانەکەی هەڵگری پێناسەی ئیسلامن، تا ئێستاش ئاین دەوری سەرەکی هەیە لە یاساو پەروەردەدا هیچ یاسایەک دەرناچێت پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت. سێ لەو دەولەتانەش (سعودیە، ئیران، ئەفغانستان) دەوڵەتی ئیسلامین و بەزۆر شەریعەتی ئیسلام دەسەپێنن بەسەر دانیشتوانی وڵاتەکانیاندا، بۆ ئەم مەبەستەش هێزی تایبەتیان دروستکردوە. لەوڵاتی " سعودیە و ئەفغانستان " ناویان ناوە پۆلیسی ( الامر بالمعروف ونهی عن المنکر) ئەم پۆلیسانە بەناو شارەکاندا دەگەڕێن هەرکەس پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بجوڵێتەوە سزای دەدەن، بەزۆر لەکاتی بانگدا دوکان بە کاسبکاران دادەخەن و دەیاننێرن بۆ نوێژکردن. ژنان ئەگەر پۆشاکی ئیسلامیان لەبەر نەکردبێت سزایان دەدەن. بەگشتی ئەم پۆلیسانە بونەتە بەڵا بەسەر خەڵکی سعودیەوە بەتایبەتی بەسەر ژنانەوە. پۆلیسەکانی سعودیە لە ساڵی ١٩٤٠ دوە دەستبەکارن ولەوکاتەوە بە هەزران تاوانیان ئەنجام داوە، هیچ لێپرسینەوەیەکیشیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵام ئەو تاوانەی کە بووە جێگای ڕەخنەی ئازادیخوازانی جیهان وخەڵکی سعودیە خۆی، کەوتنەوەی ئاگر بوو لە قوتابخانەیەکی ناوەندی کچان لە شاری مەکە لە 11.3.2002 کاتژمێر 8ی بەیانی، کاتێک خوێندکاران سەرقاڵی خوێندن بوون ئاگرێک لە قوتابخانەکە دەکەوێتەوە، مامۆستایان و قوتابیەکان ڕادەکەنە دەرەوە بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت، بەڵام پۆلیس"الأمر بالمعرف والنهي عن المنكر" قوتابیەکان و مامۆستاکان بەزۆر دەکەنە ژورەوەو دەرگایان لەسەر دادەخەن، بە پاساوی ئەوەی کە نەیان توانیوە عەباو پەچەکانیان بپۆشن، بەمەرجێک قوتابیەکان تەمەنیان تەنها لە نیوان ١٢ بۆ ١٤ ساڵان بووە. دوای ئەوەی کە پیاوانی ئاگر کوژێنەوە دێنە شوێنی ڕوداوەکە بەهەمان شێوە پۆلیسی "الأمر بالمعرف والنهي عن المنكر" نایەڵن بچنە ژورەوە لەبەر ئەوەی کە نامەحرەمن. ئەمەش دەبێتە هۆی مردنی ١٥مامۆستاو قوتابی و بریندااربونی ٤٠ قوتابی تر. ئەم پۆلیسانە لە وڵاتی سعودیە چەندەها تاوانی تریان ئەنجام داوەو چونەتە ناو ماڵانەوە بە بیانوی ئەوەی مەشروب دەخۆن سزایانداون، یاخود سزای چەندەها کەسیان داوە کە لەکاتی بانگدا لە چون بۆ نوێژکردن لە مزگەوت دوا کەوتون، بەم بیانوانەو چەندەها بیانوی تر، ئەم پۆلیسانە بونەتە هۆی کوشتنی چەندەها کەسی تریش لە سعودیە.


لە وڵاتی ئەفغانستان لەوکاتەوە کە بۆ جاری دووهەم تالیبان بە پشتیوانی ئەمریکاو غەرب توانیان دەسەڵات بەدەستەوە بگرن. لە جێگای وەزارەتی کاروباری ژنان کە لە حکومەتی پێشودا هەبوو، وەزارەتێکیان لە شوێنیدا دروست کرد و ناویان لێنا وەزارەتی (الامر بالمعروف ونهی عن المنکر" لەوکاتەوە ئەمانیش هەزاران تاوانیان ئەنجام داوە، بونەتە بەڵا بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەوە بەتایبەتی بەسەر ژنانەوە، ژنان تەنانەت بۆیان نیە چاوەکانیشیان بەدەرەوە بێت، کارکردن بۆ ژنان زۆر ئەستەمە، پیاوانیش ئیجباردەکەن کە پۆشاکی تایبەت بپۆشن و دەبێت ڕیشیان هەبێت ئەگەر ئەمانە نەکەن بەر سزای پۆلیسی ئەخلاق دەکەون.

لە ئێرانیش لەو کاتەوە کە ئیسلامیەکان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە ئەمانیش بە هەمان شێوە پۆلیسیان دروست کردوە بەناوی پۆلیسی " گشت ارشاد، یاخود پۆلیسی ئەخلاق " ئەمانیش بونەتە گەورەترین بەڵا بەسەر خەڵکی ئیرانەوە بەتایبەتی بەسەر ژنانەوە، هەمومان بینیمان کە چۆن کچێکی گەنجی ٢٢ ساڵەیان بەناوی " ژینا ئەمینی " کوشت تەنها لەبەر ئەوەی کە کەمێک قژی بەدەرەوە بوو. بەکورتی لەهەر شوێنێک ئیسلام دەسەڵاتداربێت بەزۆر شەریعەتی خۆی دەسەپێنێت بەسەر دانیشتوانەکەیدا هەمومان بینیمان کاتیک کە داعش دەسەڵاتیان گرتە دەست چ کارەساتیکیان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا هێنا.

لە کوردستان ئاینی ئیسلامیش زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵە وجودی هەیە ڕەگو ڕیشەی خۆی لەم کۆمەڵگەیەدا داکوتیوە، ئەفکاری کۆنەپەرستی و خورافاتی بڵاو کردوەتەوە، ئیسلام وەک بەڵایەک ڕوی کردوەتە کوردستان و بوەتە هۆکاری بەدبەختی خەڵک. هەرکاتیکیش بەڵایەک ڕو بکاتە شوێنێک دەبێت بەرنگاری بینەوە و خەبات بکەین بەرامبەری. بەڵام من هیچ کات لەگەڵ ئەونیم کە توندوتیژی بەرامبەر ئەو بەڵایە بەکار بهێنرێت، بەڵکو دەبێت کارێک بکەین کە ئازادانە لەلایەن خەڵکەوە لەناوبچێت. وەک چۆن هەموکەس ئازادە جگەرە بکێشێت، بەڵام کۆمەڵەیاسایەک هەیە ڕێگا دەگرێت کە خراپ بەکار بهێنرێت. هەروەک ئاشکرایە ئیستا چ جۆرە یاسایەک لە ئەوروپا دانروە بۆ ئەو کەسانەی کە جگەرە دەکێشن، چۆن هوشیاری دەدەن و زیانەکانی جگەرە کێشان بۆ خەلک ڕوون دەکەنەوە. دینیش دەبێت بەم شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت کۆمەڵە یاسایەکی بۆ دانرێت کە ببنە هۆی داخستنی زۆرێک لە دامەزراوەو شوینە ئاینیەکان. من نازانم دەورو نەخشی وەزارەتی ئەوقاف چییە، بۆ دەبێت لەسەر سامانی گشتی ئەمانە سکی خۆیان تێر کەن. دەبێت یاسایەک دەرکرێت کە مندالان بپارێزێت لە هەرەشەو توقاندن وئەشکەنجەدان و خەتەنەکردن، یاسایەک کە ژنان لە گەڵ پیاوان لەهەمو ڕویەکەوە یەکسانبن، یاسایەک کە نابێت مینبەری مزگەوتەکان تەرخان بکرێت بۆ توندو تیژی، یاسایەک کە ببێتە هۆی لابردنی بڵندگۆی مزگەوتەکان، چونکە بونەتە هۆی بێزارکردنی دانیشتوان. یاسایەک کە نابێت ئاین لەپەروەردەو فێرکردندا دەخاڵەت بکات و دەبێت دور بخریتەوە، یاسایەک کە کەس بۆی نەبێت بازرگانی بە ئاینەوە بکات، وەک ئەو هەمو مەلا و شێخ و ئەو حزبە ئیسلامیانەی کە ئیستا بە ناوی ئاینەوە دەستیان کردوە بە بازرگانی کردن. بە کورتی دەبێت کۆمەڵێک یاسای مەدەنی هەبن و دەسەڵات پەیڕەوی ئەو یاسایانە بکات و لە پاڵ ئەم یاسایانەشدا کۆمەڵێک ڕێنمانی هوشیارکردنەوە هەبێت کە کۆمەڵگە هوشیاربکاتەوە لە مەترسی ئاین. بەم شێوەیە دەتوانین ئیسلام بخەینە قەفەسەوە. جا ئەگەر کەسێک چاوەڕوانی ٧٢ حەفتاو دوو حۆریەکە دەکات با لە قەفەسی ماڵەکەی خۆیدا هەر چاوەڕوانبێت.

**٢٥ ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

# شۆڕشی داهاتووی ئێران ڕەنگی ژنانەی دەبێت



بەڕای من ئەو خاڵە ئەرێنیانەی کە پێویستە بە تایبەتی ئێستا جەختیان لەسەر بکرێتەوە، دوو پایەی سەرەکی کۆمەڵگان.

-یەکێکیان سکۆلاریزمە. بە بڕوای من هەر ڕەوتێک کە جێگەی کۆماری ئیسلامی بگرێتەوە، دەبێ ڕەوتێکی عەلمانی بێت. دەبێت دژی ئایین بێت. وە تەنانەت بە ڕای من عەلمانیەت بەس نییە، دەبێ دژە ئایین بێت. ئێمە ڕووبەڕووی شەپۆلێکی هەڵگەڕانەوەی دژی ئایین دەبینەوە ، کە تا زیاتر بڕوات فراوانتر دەبێت. چونکە سبەی مەلا دەگرن و دەڵێن ئەم پیاوە دەبینی، بە دەستی خۆی ١٨ کەسی کوشتووە. لەو کاتەدا پێویستە بزانیت چەند کەس لەو گروپە نوێژ دەکەن لە لادێ نوێژەکانیان بەجێدەهێڵن. ئەم پرۆسەیە سوودی بۆ ئیسلام نییە. ئەم پرۆسەیە بە زیانی ئیسلام دەڕوات. بزووتنەوەیەک کە دژە ئایینە، پێیەکی خستۆتە ناو دەسەڵاتی سیاسییەوە و ئێستا کە سەیری دەکەیت دەبینیت تەنها کۆمۆنیزمی کرێکارییە، کۆمۆنیزمی کرێکاری ڕادیکاڵە کە بە ئاشکرا و بە ڕوونی خۆی لە دژی ئایین پێناسە کردووە.

-پرسی داهاتوو بریتییە لە ژنان. نیوەی کۆمەڵگایە و تەنیا ژنان نیوەی کۆمەڵگا نین، بەڵکو لە نیوەکەی تری کۆمەڵگاوە زۆربەیان لەگەڵ یەکسانیدان. لە ئەنجامدا پلاتفۆرمێکی گرنگی کۆمۆنیستەکان کە ڕەنگە خەڵک بێنە پێشەوە، پرسی ژنانە. چونکە ئەو شۆڕشەی کە ڕوودەدات دەتوانێت زۆر ژنانە بێت. زۆرینەی رەها دەتوانن بەم مانایە دەنگتان پێ بدەن و لەگەڵتان بن. زۆرینەی ڕەها لەگەڵ ئێوەدا وەک یەکن. چونکە ئەوان ژنن، لەگەڵ تۆدان. لە ئەنجامدا بە بڕوای من کۆمۆنیزمی کرێکاری لەو کۆمەڵگایەدا دوو پاڵپشتی هەیە، لەسەر پرسی ئایین و پرسی ژن، کە هیچ کام لە بزووتنەوەکانی دیکەشیان نییە. دژە دینداری و داکۆکی کردن لە مافی ژنان. مۆدێرنیزم و عەلمانیەت و هتد دەرئەنجامی ئەمانەن. ئەگەر بتوانرێت مۆدێرنیزمی حیزبی بۆ شتێک وەربگێڕدرێت، ئەوە دژە ئیسلامییەتی، دژە ئاییندارییەتی، بەرگریکردنە لە مافی ژنان، ڕزگاری ئەخلاقییە بۆ گەنجان. بزووتنەوەیەکە کە بۆ نموونە لەگەڵ ئەو کولتوورەدا دەگونجێت کە گەنجێکی ئێرانی دەبێ تێیدا بژی، لەگەڵ خواستی ملیۆنان کەس کە دەیانەوێت بێنە سەر شانۆی کۆمەڵگا ژیانی خۆیان ئەزموون بکەن.

بە بڕوای من ئەمانە خاڵە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە وەها دۆخێکدا. هەڵەیە ئەگەر پێمان وایە ئەم بزووتنەوەیانە دێن و خاڵی ئەرێنی و نەرێنی لە خشتەیەکدا دادەنێن و خەڵک هەڵیبژێرن. بێگومان وا نییە. پێویستە هەلو مەرجەکان بگۆڕدرێن بۆ ئەو هەلومەرجانەی کە دەسەڵات لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر دەگوازرێتەوە. کاتێک دۆخەکە بەم شێوەیە دەبێت، خەڵک لە نێوان تایبەتمەندییە گشتییەکاندا هەڵدەبژێرن. بەڕای من مرۆڤەکان لە بنەڕەتدا لەنێوان چەپ و ڕاستدا هەڵدەبژێرن لە وەها پەرەسەندنێکدا، نەک تەنها ئەو کەسانەی کە دەبێت یەکێک لەمانە قبوڵ بکەن، بەڵکو ئەو کەسانەی کە دەبێت بچنە گۆڕەپانەکە دەبێت لەنێوان چەپ و ڕاستدا هەڵبژێرن . یان لە ڕیزی ڕاستدا دەڕۆیت یان لە ڕیزی چەپدا دەوەستیت.

**نووسینی: مەنسور حیکمەت**

**وەرگێرانی: کاوە عومەر**

# ئافرەتانی گوندنشین، بوون بە سەرچاوەیەکی گرنگ لە بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك "

نووسینی / ڕێژین قاسم محمود

پێکەوە ژیان و کارکردنی هاوبەش لە گوند و لادێکاندا بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت بۆ بەرهەم داری و گەشەدان بە گوند و لادێکان و کاری هەرەوەزی هونەرێکە زیاتر لە بواری کارکردن و ئەزمونەکانی ژیان مرۆڤ کەڵکی لێوەردەگیرێت. نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆژی ١٥ ی ئۆکتۆبەری هەر ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی ئافرەتانی گوندنشین دیاری کردووە. ڕۆژی جیهانی ئافرەتانی گوندنشین لە ١٥ی ئۆکتۆبەردایە، ئەم ڕۆژە تایبەتە بە ملیۆنان ئافرەت کە لە شوێنە دوور و گوندو لادێکاندا دەژین ئاهەنگ دەگێڕن بۆ ئەو دەستکەوت و بەشدارییە گرینگەی کە هەیانە لە زیادکردنی بەرهەم و ئاوەدانی گوندەکاندا کە بەرەو گەشەپێدانیان بردووە لە بواری کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا.

ئافرەتە ماندووەکانی لادێ و دێهاتەکانی کوردستانیش هەمیشە ڕۆڵیان گێراوە، ئەم توێژەی ئافرەتانی گوند و دێهاتەکانی کوردستان ماندوو نەناسانە کاریان کردووە، شان بە شانی باوک و براو هاوسەرەکانیان زەحمەتی و نارەحەتیەکی زۆریان بینیوە. جگە لە کارو بارو ئیشی ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵ، ئەرکی کاری دەرەوەشیان ئەنجامداوە. کە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردوو هەمیشە ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبووە بۆ هاوکاریکردنی" هیزە سیاسیە چەکدارەکان" بەشداریەکی کارایان هەبووە لە ڕاپەرین و ڕەتکردنەوەی ستەم و زوڵم و زۆری دەسەڵاتە سەرکوتگەرەکان. سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەم توێژەی ئافرەتان بێ بەش بوون لە کۆمەڵە مافێکی سەرەتایی کە مافی هەموو کەسێکە بێ جیاوازی بۆنموونە خوێندن و فێربوون. ڕێژەی نەخوێندەواری لە گوندەکاندا لە ڕابردوودا زۆر بوو، بەڵام تا ڕادەیەک توانراوە قوتابخانە بکرێنەوە لە گوندەکان بۆ ئەوەی سوود مەند بن لەم بوارە. ئافرەتانی لادێ نشین بوونەتە سەرچاوەی ژیان و نەهێشتنی هەژاری ونەداری لەگوندەکان و پەرەدان بە بواری کشتوکاڵ. ئافرەتانی گوند لە گەشەپێداندا ئەو ڕۆڵە گرنگ و بایەخدارە دەیگێڕن لە باشترکردنی بژێوی گوندەکان و خۆشگوزەرانی گشتی. ئافرەتان بەشێکی بەرچاو لە هێزی کاری کشتوکاڵی پێکدەهێنن، بەشدارییەکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و ئاسایشی خۆراک و بەڕێوەبردنی زەوی و سەرچاوە سروشتییەکان، و بنیاتنانی خۆڕاگری کەشوهەوا دەکەن.

ئافرەتان کاریگەری پلە یەکیان هەبووە بۆ دووبارە ژیانەوەی گوند و دێهاتەکان بە بەردی بناغەی پێشکەوتنی ئابووری ئاسایشی خۆراک دادەنرێن، چونکە بەشی زۆری دەستی کارەکان لە گوند و دێهاتەکان هێزی دەستی کاری ئافرەتن، ئافرەتان جێگەی بایەخن، چونکە سەرچاوەی سەرەکی دەستەبەرکردنی خۆراکن. ئافرەتانی گوندنشین سەرچاوەیەکی باشی ئابوورین لە هەردوو بواری (کشتوکاڵی و ئاژەڵداری) دوو لە بنەما بەهێزەکانی ئاسایشی خۆراکن و لە گوندەکان بەرهەمی نایاب تر و بە تێچووی کەم فەراهەم دەکەن بۆ بازاڕ و کۆمەڵگە.

بەپێی ئەو ئامارانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان خراونەتە ڕوو، ئافرەتانی ناوچە گوندنشینەکان بە شێوەیەکی نارێژەیی بەدەست هەژاریەوە دەناڵێنن. یەک ملیار کەسی جیهان کە بەردەوامن لە ژیان لە بارودۆخێکی قبوڵ نەکراوی هەژاریدان، بە شێوەیەکی زۆر لە ناوچە گوندنشینەکاندا چڕبوونەتەوە. ڕێژەی هەژاری لە ناوچە گوندنشینەکان لە زۆربەی ناوچەکاندا زیاترە لە ناوچە شارییەکان، جووتیارە ئافرەتەکان وەک جوتیارە پیاوەکان بەرهەمدار و کاران بگرە چالاکتریشن، بەڵام کەمتر توانای دەست ڕاگەیشتنیان هەیە بە زەوی و شتومەکی کشتوکاڵی و هەروەها ئامێری پێشکەوتوویان نییە بۆ زیادکردنی بەرهەمەکانیان و کار ئاسانیکردن بۆ کاری کشتوکاڵی ڕۆژانە.

ئافرەتان توانای سەرەکین بۆ گەشەپێدانی ئابووری گوندەکان، جیهان نزیکەی نیوەی دانیشتووان لە ئافرەتان پێکهاتوون و کۆی گشتی ئەو ئافرەتانی گوندنشین نزیکەی یەک لەسەر سێی هێزی کار پێکدەهێنن، بانکی نێودەوڵەتی کاری سەرەکی بەرنامەکانی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا دابینکردووە کە ئاماژەی داوە بەوەی پێویستە سوود لە تواناو هێزی ئافرەتان وەربگرن و هەوڵ بدرێت بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدان بە توانای ئافرەتان و گەشەپێدانیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە .

ئەندامانی ئافرەت لە ناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە مافەکانی ئافرەتانی گوندنشین دەکەن پشتگیری لە سەرکردایەتی و بەشداریکردنی ئافرەتانی گوند و لادێکان دەکەن، لە داڕشتنی یاسا و ستراتیژی و سیاسەت و بەرنامەکان لەسەر هەموو ئەو پرۆسانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانیان هەیە. هەروەها جەخت دەکەنەوە لەسەر ڕاهێنان و تۆکمە کردنیان و ئەزموون وەرگرتنیان لە بواری تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی کەلەگەڵ پێداویستییەکانیاندا بگونجێت و ئامێرە کشتوکاڵیە پێشکەوتووەکانیان پێی ببەخشرێت.

مێژووی ڕۆژی جیهانی ئافرەتانی لادێ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٤٥) ەوە کاریان لەسەر کردووە بۆ پاراستنی ئاشتی و دۆستایەتی لە نێوان هەموو وڵاتانی جیهاندا. نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین پڕۆژەی مرۆیی ئەنجامداوە و چەندین بڕیاری بۆ پاراستنی ژینگە دەرکردووە. نەتەوە یەکگرتووەکان کاری کرد بۆ بەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی ئافرەتانی گوندنشین. لە ساڵی ١٩٩٥ لە میانی چوارەمین کۆنفرانسی جیهانی ئافرەتان لە پەکین لە چین بیرۆکەی بەهێزکردن و ڕێزگرتن لە ئافرەتان خرایەڕوو. بەو پێیەی ١٦ی تشرینی یەکەم وەک ڕۆژی جیهانی خۆراک بەڕێوەچوو، پێشنیار کرا کە ١٥ی تشرینی یەکەم وەک ڕۆژی جیهانی (ئافرەتانی گوندنشین) بەڕێوەبچێت بۆ بەرزنرخاندنی بەشداری ئافرەتان لە گوندەکان لە کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراک و سەلامەتی خۆراکدا.

پرسی ژن ؟



بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# بنچینە کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری

بەشی پێنجەم

## دەوڵەت و سەرخانی سیاسی

قسەکەرانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی وای نیشان دەدەن دەوڵەت دەزگایەکی پێویستە، کە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لەسەر بناغەی بەرژەوەندی گشتی و هاوبەشی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە پێکهاتووە. دەزگایەک کە گوایە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی گشتیی جەماوەرە و دەسەڵاتی هاوبەشی ئەندامانی کۆمەڵگە دەستەبەر دەکات. دەڵێن یاسا زاڵەکان، کۆمەڵە پرەنسیپێکی بەڵگەنەویست و سروشتی و جێی ڕەزامەندیی تاکەکانی کۆمەڵگەن و دەوڵەت زامن و جێبەجێکەری ئەم یاسایانەیە. نیشاندانی دەوڵەت وەکو دەزگایەکی سەربەخۆ و بێلایەنی بەرژەوەندیە چینایەتیە ناکۆکەکانی ناو کۆمەڵگە، کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی ئایدۆلۆژی بۆرژواییە. ئەم تێڕوانینە بۆ دەوڵەت بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوادا کە نیزامێکی پەرلەمانیی سەقامگیرتریان هەیە ڕیشەیەکی بەهێزتری لەنێو جەماوەردا داکوتاوە. بەڵام لە وڵاتانی دوواکەوتووشدا، سەرباری فەرمانڕەوایی دەوڵەتە سەرکوتگەر و پۆلیسیەکان، هەروەها سەرباری ئەوەی کە خەڵک بەگشتی بە چاوێکی خراپ سەیری ئەو دەوڵەتانە دەکەن کە لەسەرکارن، کەچی هێشتا خودی مەسەلەی پێویست بوونی دەوڵەت جێگای پرسیار نییە، وە تێگەیشتنی جەماوەر لە دەوڵەت وەکو دەزگایەک کە ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە بەهەمان ڕادە بەهێز و ڕیشەدارە. پەرەسەندنی ڕۆڵی ئابووری دەوڵەتەکان و بەتایبەت دەخالەتیان لە قەڵەمڕەوی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان و بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵی ئابووری لەم چەند دەساڵەی دواییدا گەلێک پەرەی بەم خۆشباوەڕیانە داوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت گرنگترین ئامڕازی چینی دەسەڵاتدارە بۆ بەیەخسیری هێشتنەوەی جەماوەری چەوساوە. لەڕووی مێژووییەوە سەرهەڵدانی دەوڵەت بەرئەنجامی پەیدابوونی چەوساندنەوە و چینەکان و دابەشبوونی کۆمەڵگە بووە بۆ چینی چەوسێنەر و چەوساوە. سەرباری هەموو ئاڵۆزیەکانی پێکهاتەی دەوڵەتانی ئەمڕۆ، بەڵام دەوڵەت هەروەکو پێشوو دەزگایەکە بۆ توندوتیژی نواندن و، سوپا و دادگا و زیندانەکان کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی پێکدەهێنن. دەوڵەت هێزی سەرکوتگەری سازماندراوی چینی چەوسێنەرە. دەوڵەت ئامڕازی پیادەکردنی دەسەڵاتدارێتی چینایەتیە. هەر دەوڵەتێک، جا لە هەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت، چ پاشایەتی و چ کۆماری، چ پەرلەمانی و چ ئیستبدادی، ئامرازی پیادەکردنی دیکتاتۆریەتی چین یان چینە دەسەڵاتدارەکانە.

لە هەر نیزامێکدا، تەنانەت لە توندوتیژترین سیستمە کۆیلەداریەکانی سەردەمانی کۆنیشدا کە تیایاندا ئینتمای چینایەتی دەوڵەت شتێکی شاراوە نەبوو، چینی دەسەڵاتدار پێویستی بەوە بووە کە بناغەیەک بۆ مەشروعییەتدان بە دەوڵەتەکەی بەدەستەوە بدات. پاشایەتی و دەسەڵاتدارێتی میراتیی، دەسەڵاتدارێتی ئەریستۆکراتی، دەسەڵاتدارێتی دینی و ئیلاهی، قاڵبە جیاجیاکانی ئەم مەشروعییەت پێدانە بوون. لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، کۆمەڵگەیەک کە بناغەکەی لەسەر بازاڕ دانراوە و تیایدا کرێکار و سەرمایەدار وەکو دوو توخمی "ئازاد" پێناسە دەکرێن کە بەڕواڵەت دەچنە ناو سەودایەکی ئارەزوومەندانە و هاوسەنگەوە، مافی دەنگدان و پەرلەمان و نیزامی هەڵبژاردن قاڵبی سەرەکی مەشروعییەتپێدانی حوکمڕانیی چینایەتی بۆرژوازیە. ڕواڵەتی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەوڵەت ئامڕازی حوکمڕانیی هەموو خەڵکە و بەدەنگدانی ڕاستەوخۆی خەڵک پێکدێت. بێگومان لەڕووی مێژووییەوە مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پەرلەمان بە کۆمەڵە دەسکەوتێکی گرنگی هەوڵ و خەباتی جەماوەری کرێکار دەژمێردرێن لەپێناو پەرەپێدانی مافە مەدەنییەکانی خۆیاندا. ئەوە بەڵگەنەویستە کە ژیان لە سایەی نیزامێکی لیبراڵیی بۆرژواییدا ئاسانترە وەک لە ژیان لەسایەی نیزامێکی پۆلیسی و ئیستبدادیدا. بەڵام ئەم قاڵبە جیاوازانە ناتوانن ماهییەتی چینایەتی دەوڵەتی هاوچەرخ بشارنەوە. جەماوەری بەرینی کرێکاران تەنانەت لە پێشکەوتووترین و سەقامگرتووترین و ئازادترین نیزامە پەرلەمانیەکانیشدا، کەمترین دەرفەتیان هەیە بۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەت و هەنگاوەکانی دەوڵەت. نیزامی پەرلەمانی توانیویەتی بە بەکارهێنانی توندوتیژیەکی کەمترو بە دەستبەدەست پێکردنی پۆستە دەوڵەتیەکان لەنێوان بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەڵاتداردا لەڕێگەی هەڵبژاردنی گشتیی ناوبەناوەوە، دەسەڵاتدارێتی بێئەملاوئەولای تێکڕای بۆرژوازی بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگە زامن بکات. دیموکراسی پەرلەمانیی میکانیزمێک نییە بۆ دەخالەتی جەماوەر لە کاروباری حوکمڕانیدا، بەڵکو ئامڕازێکە بۆ مەشروعییەت پێدانی حوکمڕانی و دیکتاتۆریی چینی بۆرژوا.

**ماویەتی...**

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا



# پارادۆکسی وشە دەرکەوتنی زمانی شیعر... بەنموونە لەلای نالی

**ناری سینەم گەر نەبێ، غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ، سووتاوم ئەز**

**نالی**

ڕەخنەگران دەڵێن شیعر لەبنەڕەتدا بریتییە لەپێکهاتەیەکی وێنەیی بەتایبەتی لەو بابەتانەی کەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بەمەسەلە (هەستی) و (هزرییەکانەوە) وەک ڕەنگ و شێوە وجووڵە وجێگەو زەمەن وڕووناکی. ئەمەش هۆکارە بۆ گواستنەوەی فۆرم وناوەڕۆکی سروشتی واقیع بۆ وێنە ناسروشتییەکان کەخەیاڵ ڕۆڵێکی کاریگەری تێدا دەبینێت.

نالی لەم بەیتە شیعرەدا چەمکی عاتیفەو هەستە باڵاکانی لەسەر بوون و کۆبوونەوەی دوو شتی دژی یەک دارشتوە کە بەندە بە فەرهەنگی وشەوە کە زمان دەتوانێ دەستنیشانی ئەو جیاوازەیە گەورەیە بکات لەڕووی کەوتنەوەی مانای وشەکانەوە، واتە حەزرەتی نالی، هێند دەوڵەمەند بووە بە فەرهەنگی وشەو زمانی شیعرو پانتای خەیاڵ و بەرجەستەکردنی لە تەوزیفکردنی شیعرێکی ڕۆمانسیدا، بە چەشنێک سەرلەبەری بەیتە شیعریەکەی لێوان لێوە لە ئێستاتیکای جوانی لەهونەری زمان. هەڵبەتە زۆرینەی شاعیرانی کلاسیک شارەزاییەکی باشیان هەبووە لە بەکارهێنانی ڕەوانبێژی، کاتێک لەم بەیتە شیعرەی نالی بکۆلینەوە دەبینین نالی زۆر بەجوانی لێزانانە توانییەتی ئەو دژ یەکیانەی لە ڕووی وشەوە دژ دەکەونەوە، بەڵام لە ماناو دەلالەتی واتادا بە شێوەیەکی دروست بکەوێتەوە کەتەواوی جوانی ببەخشێتە بەیتە شیعریەکەی، گەرچی پارادۆکسێک لە ڕووی تەوزیفی وشەکانەوە بەدی دەکرێ، بەڵام لەچۆنێتی بەکارهێنانی زمانی شیعر بە شێوەیەکی ئێستاتیکی تەوزیفی کردوە کە سەر لەبەری شیعرەکەی جوانتر کردوە...وەک لێرەدا دەفەرموێ:

**ناری سینەم گەر نەبێ غەرقم ئەمن**

**ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز**

ئاگری سینەم و ئاوی چاوم. ئەگەر ئاگری سینەم نەبوایە کە ئەوەندە بەتینە تەنانەت بەری ئاویشی پێ ئەگیرێ، لەبەر فرمێسکی زۆری چاوم ئەخنکام و ئەگەر ئاوی چاوم نەبوایە کە ئەوەندە بەهێزە هەر ئاگرێکی بێتە پێش ئەیکوژێنێتەوە، بە ئاگری سینەم ئەسووتام.

نالی شاعیر ئەو دژە وشەیەی لەسەر بنەمای فۆرم و ناوەڕۆک دارشتوە بەواتا نالی لەڕێگای (سیماوە) لەدەرگای پەنهانی توخمەکانی شیعر بدات "بە پێچەوانەی (ڕوخسارەوە)، نابینرێت، بەڵکە(سیما) لە توخمی دەرکەوتن و دۆزینەوەیە؛ سەر بە جیهانی هەستەکی نییە، و ئاماژەیە بە ڕووداوێک کە لە »ئەویتر«ەوە دێت. سیما، دەربڕینە؛ سەرچاوەیەکە لە سەرچاوەی ماناکان (سیما) هەقیقەت ئاشکرا دەکات، درووست بە پێچەوانەی ڕوخسارەوەیە کە دەیشارێتەوە..

شاعیر کاتێک هانا بۆ سیما دەبات دەزانێ لەماناو دەلالەتی واتادا "سیما"خۆی: دانەپۆشراویی و ئاشکرایی ڕوخسارە بە تەواوی ڕووتییەکەیەوە کە دەتوانم بڵێم ڕۆڵی (وتە) دەبینێ بۆشاعیر، کەواتە لێرەدا و لەم دەقەدا سیما لای نالی . وتەیە.«

سیما درووستکردنی پەیوەندییە لەگەڵ »ئەویتر«دا و هەر جارێک کە دەرکەوێت داوای وەڵام دەکات.

کاتێک نالی لەم بەیتە شیعرەدا دەڵێ:

**ناری سینەم گەرنەبێ غەرقم ئەمن**

لەم نیوە دێرەدا نالی ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات مادام سیما بەتەواوەتی دەرکەوتنی زمان دەستنیشان دەکات، ئالێرەوەیە کە نالی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەڕێگای وشەو دژەیەکی وشەکانەوە دەچێتە ناو مەعریفەی زمان خۆیەوە کە بە ڕەوانبێژی توانیویەتی لەم دەقەدا هەستە باڵاکانی خۆی لە ماناو دەلالەتی واتاوە تەوزیف بکات.

کارکردنی نالی لەڕێگای شیعرەوە بۆ خولقاندنی هەقیقەتە لە لەمانای وشە، لەو شوێنەدا کەسیما تەواجدی هەیە، سیما کردەیەکی پەتییە ڕێگە نادات هەم شوناسی بەسەردا بسەپێنرێت. سیما بەرەنگارییە لە بەرامبەر سیستەمی ڕەمزییدا. دەرکەوتنی سیما، بە تەواوەتی دەرکەوتنی (زمانە). سیما شتێکە ناتوانرێت لەچێوەی تێگەیەکدا جێ بکرێتەوە، بە کورتی، لەو شوێنەدا کە سیما هەیە، هەقیقەت، مانا، ئەزموون ڕوو دەدات و، لەو شوێنەشدا کە ڕوخسار هەیە، ڕواڵەت، نمایش و بەرکەوتنی ڕووکەشە.

نالی بڕوای وایە لەڕێگای سیماوە دەتوانێ ئەو ئەشقە پەنهانیەی دیاری بکات، واتە لەڕووخسارياندا هەست بەبوونی ئەو دەکرێ، کە لەڕێگای سیمایانەوە بەپەنهانی هێڵراوەتەوە، ئەو هانا دەباتە بەر سیما، بۆ تەوزیفکردنی وێنەی ئەو بەواتایەکی تر شاعیر کاتێک هانا بۆ سیما دەبات دەزانێ لەماناو دەلالەتی واتادا دەتوانێ بیبینێ " .

بەمانایەکی تر، وێنە هەستییەکان لەڕێگەی دوو جەمسەری سەرەکییەوە لەدایک دەبن، یەکەمیان، واقیع ودووهەمیان، خەیاڵ، کەواتە نالی بۆ تەوزیفکردنی ئەم دەقەی ئیشی لەسەر، هەردوو چەمکەکە کردوە. وەک لێرەدا دەڵێ:

ئاوی چاوم گەر نەبێ سووتاوم ئەز

سەرئەنجام کارنامەی وێنەی شیعری لای نالی شاعیر خۆی لەدوو ڕەهەندی گشتگیریدا دەبینێتەوە:

وێنەگرتنی ئەزموونی شاعیر کەلەلایەکەوە دەبێتە نامە و گوتاری دەق، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە گەیەندەری دەق بۆ وەرگر کە خوێنەرە...

**ئا: جەمال نوری**



# ئەم وەرزەت باش نیشتمان:

ببوورە، ئەو کرێوە وەجاخکوێرە نامەکەتی ونکردبوو، کزەبایەکی هەتیو دۆزیەوە، ئەمڕۆ بە دەستم گەیشت، گلەییت سەر چڵ بە چڵ و چرۆ بە چرۆم، بەڵام ئاخر منی سروشت بەردەوام خەریکی جوانکردنی وەرزەکانم، جلوبەرگیان بۆ ئەگۆڕم، دارەدارە بە دارستان ئەکەم، قژی هەتاو شانەئەکەم، تاریکی ئەشۆمەوە، ئاو ئەدوێنم، لەوەش کە نەپەرژاومە سەر هەواڵ پرسینت داوای لێبوردن ئەکەم..

بە شەماڵێکی عازەبا سڵاوتم گەیاندە شاخەکان، یەک بە یەکی کانیەکان..

هەواڵی دار بەڕوەکانت پرسیبوو، ئەوان زمانی کوردیان بیرچۆتەوە، داری وەهایان ئەناسم سەد ساڵە بەڕوو ئەگرێ کەچی بە عەرەبی قسەئەکا، دەوەنی ساوا شیری فارس نەبێ نایێتە سەر لێو..

حوجرەکان پڕن لە سورەچنار، پڕن لە دارەبەن و مازوار، عاگۆلنامە ئەخوێنن.. شۆڕەبیەکان عەمامە لەسەر ئەکەن، چۆلەکە سرکەیی فرێداوە، کۆترەکان لەبری گمەگم یابەیابەیانە!

ئاسەواری شوێنپێی قارەمانی حیزەڵە جەستەی باریکەڕێ و تولەڕێی هەلاهەلا کردوە!

بێشەلانێک بۆی گێڕامەوە وتی شێرەکان لاسایی وشتر ئەکەنەوە، قەدپاڵێک پێیوتم بەرازی نەزۆک وازی لە مالۆس هێناوە، دڵداری لەگەڵ سوێسکە ئەکا، سنەوبەرێک ئەیوت داد و بێدادمە لە دەست خەڵک، شووشە ئەچەقێننە سێبەرم..

ئێستا لێرە، هەتا گێژەڵوکە ئیمزا لەسەر سەوزبوونی نەمام نەکا قەدەغەیە بڕوێ، حاکمی موتڵەقی گوڵجاڕان ڕەشەبای خۆڵاویە!

باسی چیت بۆ بکەم نیشتمان؟

باسی ئەو شاعیر و شاعیرۆکانە، کە وەکو جەستەی ئادەمیزاد ئەتبینن، یەکێک تۆی کردوە بە کچ، یەکێکی تر بە ژن، یەکێکی تر بە کوڕ و ئەوی تریش بە سینەی ژنە شەهیدێک!

ئاخر باسی چی بکەم؟

ئەو هەموو گەنجەی کە ناوی تۆی نەبیستوە، ئەو هەموو هەرزەکارەی گاڵتە بە پێگە و ناوت ئەکەن!

باسی ئەو کەمتیارانە بکەم کە هەر شەوە بە زریکەی مامزێک گۆڕستان ڕائەچڵەکێنێ، یان ئەو سێ کەمتیارەی لە سەعات سفری شەوێکی زستان، بەرخێکیان هێنا بە بووکی، یەکێکیان قاچەکانی گرت و ئەوی تر دەمی و سێیەمیشیان بوو بە زاوا..

ماسیەکان لە بزنمژە ئاوس ئەبن، شەوانە ڕەشبەڵەکی دڕکەزیی و دڕکە پێکوڵە، لە کوێستانان خێڵەوخواری تورکان و عەجەم و عارەبانە، لە بنارەکان بۆسە بۆ ئەو کەروێشکانە دائەنرێ کە لە سوڕی مانگانەدان، ئێرە پڕپڕە لە سوپاسالاری چڵمن، پڕە لە سیسرکەی داوێنپیس..

ئێستا ئاشەوان ئاردی پێوەنیە، لەبری گوڵەوەچنی گەنم، وردیلەکان فیشەک کۆئەکەنەوە، شەڕە لەسەر شەکەمێ و بەربەنیوەیی تەمەن و ژن بەژنی خەلیفەکان!

ئێستا میز بە خۆشەویستی و دیواری کتێبخانەکانا ئەکرێ، ئەڵقەی هاوژینەکان لە شەوی پەردەدا ون ئەبێ، گیرفانی مێرولەکان تاڵان ئەکرێ، ئێرەیی بە قژی ڕێحانە و هەڵەکۆک و ڕێواس ئەبرێ، دارهەرمێ لایلایە بۆ سمۆرە ناکا، دۆڵی پەلەزێ و ئاوایی پەنجەخانم وێران کران و کردیان بە بەهەشتی کەران، گوێ لە دەردەدڵی مریشکە کونج ناگیرێ، پشیلەکان ڕەشپۆشن، هیچ کەس خەونی گوڵاڵەسوورە ناگێڕێتەوە، ئەژنۆی گوڵەبەڕۆژە شکاوە ناتوانی ڕووبکاتە خۆر، کەس لە حەیرانی کەڵەباب ڕانامێنێ، ئاسمانی ئێرە نە ئەپژمێ نە پەڵەهەورێک نووزەی دێت..

ئێستا پشتێنی دیرۆکی چوارشانە شلە و تەواوی تەقەڵی ئاڵامان هەڵتەقیوە..

**نووسینی: ئارام حەسەن**

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# تابوری پێنجەم



نووسینی: شەماڵ بارەوانی

"تابوری پێنجەم" شاکارێکی تری ئەدەبی ژنە نووسەری بەریتانی" ئەگاثا کریستیە" و لەساڵی ١٩٤١یەکەم چاپی بڵاوکرایەوە.

**تابوری پێنجەم/**

یەکێکە لە پڕفرۆشترین ڕۆمانەکان لەسەر ئاستی جیهاندا. ئەگاثا، پاڵەوانی چیرۆکە پۆلیسییەکان، لەمێژووی ئەدەبدا، نەبووە کەسێکیتر بەقەد ئەو خانمە نووسەرە جێ دەست و پاڵەوانێتی خۆ بسەلمێنێت لەو بوارەدا.

**تابوری پێنجەم/**

ڕۆمانێکی پۆلیسییە و دەچێتەخانەی ئەدەبی تاوانکارییەوە.

**تابوری پێنجەم/**

باس لە کاری سیخوڕی دەکات لەنێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا... لەکاتی جەنگی جیهانی دووهەم دا. چیرۆکی ڕۆمانەکە، باسکردنە لە گەڕان بەدوای جاسوسی ئەڵمانی و تابورەکانی پێنجەم لەلایەن دەزگای هەواڵگری بەریتانی لە بەریتانیادا.

**لە"تابوری پێنجەم"دا**

نوسەر دەمانباتە ناو جیهانی تابورەکان و جاسوسی و ئاشنای ململانێی دەزگا هەواڵگیری و پیلانەکانیانمان بۆ باس دەکات،

ئەگاثا لەو ڕۆمانەدا دەیەوێ پێمان بڵێت چۆن زیرەکی ئینگلیز و بەریتانیەکان پێش پیلان و لێ هاتوویی ئەڵمانە نازی و ڕەگەزی ئارییەکان دەکەوێت، ئەوەش دەرکی پێ ناکەن مەگەر لە کۆتایی چیرۆکی ڕۆمانەکەدا نەبێ.

**تابوری پێنجەم/**

مشتومڕی بڕگەیەکی مێژوویی دەکات، مێژووی سەردەمی جەنگی جیهانی دووهەم، سەردەمی ململانێی نێوان بەریتانیا و ئەڵمانیا و پێشبڕکێ کردنیان لە هونەری چاندنی تۆوی سیخوڕی و درووستکردنی تابوری پێنجەم و گەیشتنی ئەو سیخوڕ و تابورانە بۆ شوێنی هەستیاری وەک دەزگاکانی دەوڵەتی بەریتانیا و کارکردنیان لە دژی ئەو وڵاتە.

ئەو شاکارە مەزنە بۆ زۆرێک لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە و دوواتر، وەک زۆرێک لە بەرهەم و نووسینەکانی تری نووسەر، خۆی خزاندە نێو جیهانی فیلم و سینەماوە و فیلمی لێ بەرهەم هێندرا.

ئەگاثا بە یەکێک لە ناودارترین نووسەر دادەندرێت لە مێژوودا، لەڕووی پڕفرۆشترین و تۆمارکردنی ژمارە پێوانەدا.

هەروەها بە یەکێک لەو نوسەرە مەزنانەی سەدەی بیستەم دێتە ئەژماردن، کە بە نووسەری چیرۆکە تاوانکاری و پۆلیسییەکاندا ناوی دەرکردووە و زیاتر لە شەست ڕۆمانی پۆلیسی نووسیوە و بە شاژنی تاوان و نووسەری چیرۆکە پۆلیسییەکان هاتوەتە ناسین و بەهۆی ڕۆمانەکانییەوە ناوو دەنگێکی جیهانی پەیداکردووە.

شاکارەکانی زۆرێکیان مۆرکێکی تاوانکاری و پۆلیسییان هەیە. ئەگاثای ژنە نووسەر، لەپاڵ نووسینی چیرۆک و ڕۆمانی پۆلیسیدا، ڕۆمانی ڕۆمانسیشی دەنووسی، لەژێر ناوی خوازراوی"ماری ویستماکوت"دا.

ئەگاثا کریستی، لە سێپتەمبەری ١٥/١٨٩٠ لە بەریتانیا لە دایکبووە و لە جەنیوەری ١٢/ ١٩٧٦ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

وەک ئاماژەمان پێدا، کە تەوەری سەرەکی ئەو ڕۆمانە، باس لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم دەکات. ململانێی نێوان یەکێتی سۆڤێت و بەریتانیا، بەریتانیا و ئەڵمانیای نازی.

ئەوسەردەمەی هێزی ئاسمانی بەریتانیا دەجەنگا لە دژی هێرشی ئاسمانی نازییەکان، لە هەمان کاتدا بەریتانیا، لە پاڵ مەترسییەکانی نازیزم و ئەلمانیا و هێز و دەوڵەتی تری دەرەکی، ڕووبەڕووی دووژمنێکی مەترسیناکتری ناوخۆیی ببوویەوە.


ئەو دووژمنە ناوەکیەی نازییەکان ڕۆڵێکی باڵاو سەرەکیان هەبوو تیایدا، دووژمنێک لە خۆت، لەجەستەی نیشتمان، ببێتە خزمەتکاری بێگانە و هێزی دەرەکی و لەپێناو دووژمن و لەسەر حسابی وڵاتی خۆی و دژی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و گەڵەکەی خۆی کاربکات و ببێتە تابوری پێنجەم !

نازییەکان دەستێکی بەهێزیان هەبوو لەو جۆرە یارییەدا لە بەریتانیا. تۆوی سیخوڕییان لەناو دڵی بەریتانیادا چاندبوو. کەسانێکی زۆریان کردبوو بە سیخوڕ و تابووری پێنجەم، تا بۆ بەرژەوەندی نازییەکان کاربکەن. حکومەتی بەریتانیا، لەگەڵ زۆر بوونی مەترسییەکان و زیادبوونی ڕێژەی تابوورەکان لە وڵاتدا، دوو سیخوڕی بەناوەکانی(تۆمی و تۆبنس بێرسفۆرد)ی خستەکار. ئەرکی سەرەکی ئەو ژن و پیاوە گەڕان بوو بە دوای پیاوژنێک کە لە میوانخانەی (سان سوسی)دا بەمەبەستی کاری سیخوڕی گیرسابوونەوە.

ئێن ، و ئێم، نازناو دوو ناوی خوازراوی ئەو ژن و پیاوە سیخوڕە ئەڵمانی و نازییەن. تۆمی و تۆبنس ماوەیەک بێزاری دایاندەگرێت و هەست دەکەن دوای ئەو هەموو ساڵە لە کارکردن لەگەڵ دەزگای هەواڵگیری بەریتانیادا، ئەوان هیچ سوودێکیان نەکردووە و لەپەراوێزدان.

دواتر تۆمی لە سیخوڕێکی تری نهێنی لە هەواڵگیری بەریتانیا نزیک دەبێتەوە بەناوی (گرانت)و دووبارە کاردەکات بۆ ئاشکراکردنی تابوورەکانی پێنجەم و ناسنامەی سیخوڕە نازی و ئەڵمانییەکان و بەتایبەتی ئێن و ئێم. گرانت پێشووتر زۆر هەوڵیداوە سیخوڕ و تابورەکانی ئەڵمانیا و نازی لەوڵاتدا ئاشکرا بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و نەیتوانیوە و بەردەوام بەربەست کەوتووەتە سەر ڕێگای.

گرانت باسی نامەی یەکێک لەو کەسانە دەکات کە لەگەڵ دەزگای هەواڵگیری بەریتانیادا کاری کردووە و لە لایان نازییەکانەوە تیرۆرکراوە. ئەو کەسە، پێش دەرچوونی گیانی لە پێخەفی مەرگدا و بەر لە مردنی نامەیەکی دوای خۆی جێ هێشتووە و ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو دوو سیخوڕە (ئێن و ئێم) لە لیاهامبتۆن و لە میوانخانەی (□سان سوسی) کەنار دەریا دەمێننەوە.




تۆمی بە مەبەستی ئاشکرا کردنی ناسنامەی ئەو دووکەسە بەدوواياندا دەگەڕێت. بڕیاردەدات و دەڕواتە میوانخانەی (سان سوسی). چونکە ئەو سیخوڕانە دەستیان هەبووە لە کوشتنی یەکێک لە گەورەترین سیخوڕەکانی بەریتانیا.

دواتر تۆبنسیش بڕیاردەدات بێتەوە پاڵی و لەگەڵی دەست بەکار دەبێتەوە و پێش تۆمی دەگاتە میوانخانەکە و پاشان هەردووکیان پێکەوە کاردەکەن بۆ ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەو دوو سیخوڕە ئەڵمانیە.

لە کۆتاییدا تۆمی و تۆبنس ناسنامەی هەردووک سیخوڕەکە ئاشکرادەکەن و دەیان دۆزنەوە و دەزگای هەواڵگیری بەریتانی "ئێن"ی ژنە سیخوڕ دەکوژن. دوای ئەوەی خەریک دەبێت، تۆبنس بکوژێت و دەبێتە هەڕەشە بۆسەر ژیانی.

**تابوری پێنجەم/**

چەکێکە لە چەکەکانی دەزگا هەواڵگیرییەکان و خستنەکاری لە هەموو سەردەمەکان. چەمکی تابوری پێنجەم، زۆر لە ئەدەبیاتی سیاسی بەکاردێت و بەو کەس و لایەنانە دەگوترێت تابووری پێنجەم، کە لەناو وڵاتی خۆیاندا، بەنهێنی لەپێناو بەرژەوەندی وڵاتێکی تردا کاردەکەن. سەرەتای دەرکەوتن و لەدایک بوونی ئەو زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی نێوخۆیی ئیسپانیا، لەساڵی١٩٣٦. ئەوکاتەی ئێستگەی ڕادیۆ ڕایگەیاند سەرکردەی هێزە ناسیۆنالیستەکان (جەنەڕاڵ ئیمیلۆ مۆلا) لە مەدرید نزیک دەبێتەوە.

بەچوار تابور لە هێزە سەربازییەکان و هەروەها بە یارمەتی تابووری پێنجەم لەناو شارەکەدا، بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر شارکەدا و ڕووخاندنی دەسەڵاتی کۆماری ئاڕاستە چەپ. لەو ساوە چەمکی "تابووری پێنجەم"، گوازرایەوە نێو ئەدەب و فەرهەنگی سیاسییەوە و زاراوەکە بە بەربڵاوی بڵاوبوویەوە و لەسەردەمی جەنگی ساردی نێوان هەردووک جەمسەرو بلۆکی دژ بەیەکدی.

سەرمایەداری "ئەمریکا""و یەکێتی سۆڤێت" ڕوسیا"، بۆ بەرژەوەندی خۆیان هەر لایەنەی دەیان و هەزاران سیخوڕ و تابووری پێنجەمیان لەناو جوگرافیای جەستەی وڵات و دڵی نیشتمانی لایەنەکەیتردا چاند.

.....................

## کرێکاران، زەحمەتکێشان، لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارِەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوە ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارِەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تالانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net



# جەنگ وبەکارهێنانی چەکی کۆکوژ، دیاردەیەکە لەسیستەمی سەرمایەداری جیانابێتەوە!

نووسینی: وەستا مەهدی

دەستبردن بۆبەکار هێنانی چەکی کیمیائی لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەستی پێکرد. لەکاتێکدا کە هەردوو لایەنی جەنگەکە گازی ژەهراویان بەکارهێنا بۆ لێدان لەهێزە سەبازییەکان لە مەیدانەکانی جەنگدا و وەشاندنی گورزی کوشندەو پرئازار لەهێزە سەبازیەکانی یەکتر.

ئەوچەکە کیمایانە پێکهاتەکەیان لە هەندێ مەوادی کیمایی بازرگانی دیاری کراو بوو کە دەخرانە ناو تەقەمەنیەکانەوە، بۆنمونە دەخرانە ناوی رومانەی دەستیەوە وە ناو گوللەی تۆپەکانەوە، کلۆرو فۆسجین (کە دەبونە هۆی تەنگە نەفەسی) وغازی خەردەلیش یەکێک بوو لە ومادە کیمایانە کە بەکاریان دەهێنا.

ئەنجامەکانی بەکارهێنانی ئەوجۆرە چەکە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بوو بەهۆی کوشتنی نزیکەی ١٠٠٠٠٠کەس وقوبانەکانیشی لەسەر ئاستی جیهان ملیۆنێک کەس بوو.

لەچوارچێوەی هەوڵەکان لەئاستی جیهاندا بۆنەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژی و لەچوارچێوەی رێکەوتننامەی ساڵی ١٩٩٣ی نەتەوەیەکگرتوەکان ئاکامەکانی هەوڵدان بۆنەهێستنی چەکی کۆمەڵکوژی هاتۆتە کایەوە.

ئەو رێکەوتننامەیە لەسەرئەوەبوو کە لەرێگای قەدەغەکردنی بەرهەمهێنان وکۆگاکردن و گەشەپێدانی گواستنەوەو بەکارهێنانی چەکی ناوبراوەوە، چیتر زەمانی دەربازبون لە کۆگاکانی بکرێت، بەوەش جیهان لە مەترسی جەنگی کیمیائی پارێزراو بێت .

ئەم بریارەی unومەجلیسی ئەمن دوای ئەوەهات کە لەشەری ١٠ساڵەی عیراق ئێران چەندین جار ئەوچەکە لەدژی یەکتر لەنێوان عێراق ئێران بەکارهێنراوەو هەرلەماوەی ئەوشەرەشدا شاری هەڵەبجەیان کردە ناکازاکی وهیرۆشیمای دووەم .

بەڵام حاڵەتی بەکارهێنانی ئەوچەکە کۆمەڵکوژییە دوای ئەو رێکەوتننامەیەش هێشتا وەک وەک خۆی ماوەو دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا لە جەنگ و ململانێکانیاندا لەگەڵ یەکترو لەگەڵ هێزە سیاسیە نەیارەکانیان بۆهێشتەنەوەی دەسەڵاتەکەیان و لە پێناو بالادەستیدا، بەکاری دەهێنن، خودی دەوڵەتی ئەمریکا لە جەنگ لەدژی عێراق چەکی یاساغکراوی بەکارهێنا... وە هیشتا پێشبرکی چەکی یاساغکراو و ئەتۆمی هەرەشە لە گۆی زەوی دەکات... ئەوەتا لە کێشمەکێشی هێزەچەکدارەکانی سوریا لەگەڵ بەشار ئەسەد چەندین جار ئەوچەکە بەکارهێنراوە نەک هەر دژی سەربازو هێزی چەکدار، بەڵکو خەڵکی بێدفاع و سفیلیشیان کردوەتە ئامانج، هەمو ئەو غازە فرمێسک رێژانەی کە لە خرۆشانە نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا بە توخمێک لەوجۆرە چەکە قەدەغەکراوەوانە حساب دەکرێن وکەچێ هەربەردەوامیشن لەسەر بەکارهێنانی. حاڵەتی بەکاهێنانی ئەوجۆرە چەکە لەزۆرشوێن کە ئاسەوارەکانی زۆرن ئەو تەرەفانەی کە لەشەردان لەگەڵ یەکتر هەوڵ ئەدەن یەکتری پێ تاوانبار هیچ کام لەو دەوڵەتانە نەک خۆیان بە بەرپرسیار نازانن و دان بەوەدا نانێن کە ئەو کە بەکاریان هێناوە، بەڵکو بانگەشەی درۆزنانە لەدژی بەکارهێنانی ئەو چەکانە دەکەن.

لە تازەترین حاڵەتی بەکارهێنانی ئەوچەکە قەدەغەکراوەدا دەوڵەتی تورکیا لەدژی هێزەچەکدارەکانی پارتی کرێکاران بەکاری هێناوەو بە پێی ئەوزانیاریانە ی کە هەواڵ گری گەریلاکان بڵاویان کردوەتە سوپای تورکیا چەند کەسی لەهێزە چەکدارەکانی پارتی کرێکاران بە چەکە کیمائی کوشتووە، لەئێران سوپای پاسداران بەگازی فرمێسک رێژ لە خەڵکی خرۆشاودەدا.

دەوڵەتی عێراق لەلایەن وڵاتانی دراوسێ وجیهانیشەوە پارێزراو نییەو لەساڵی ٢٠٠٣وە ماهیەتی دەوڵەتی لەدەستداوەو بۆتە جێگای ململانێ دەوڵەتان و دەیان گروپ وهێزی چەکدار لە عیراق چ بەناوی هێزی چەکداری حزبەکانی دەسەڵات و چ ئەوانەش وەک موعارەزەی وڵاتی ئێران تورکیا هەن و بۆیەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان دەست بۆهەمو جۆرە چەکێک دەبن تەنها لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتەکەیان.

لەجەنگی ئۆکرانیاشدا، دەنگۆی ئەوەهەیە کەهەم لایەنی روسیاو هەم ئۆکرانیا لەدژی یەک چەکی کیمیاییان بەکارهێنابێت، هەروەها رۆژانەش باس لەدەستبردن بۆ چەکی ناوەکەیی- تاکتیکی دەکرێت.. هەموو ئەمانە پێمان دەڵێن کە جەنگ وبەکارهێنانی چەکی کۆکوژی لەسیستەمی سەرمایەداری و دەولەتەکانی جیا نابێتەوە، واتە جەنگ و میلیتاریزم تایبەتمەندیەکی دنیای سەرمایەداری ئەمرۆیە کە کۆمەلگەی بەشەری لەبەردەم مەترسی کۆمەڵکوژی و تیاچوونی یەکجاری داناوەتەوە.

ئەم هەلومەرجە سەختە لەرۆژگاری ئەمرۆدا کە نیزامی سەرمایەداری توشی قەیرانێکی قوڵ بۆتەوە و جەنگ ومیلیتاریزم و بەکارهێنانی چەکی کۆکوژی کردۆتە ئەگەرێکی زۆر، تادەولەتانی سەرمایەداری بۆیەکلاکردنەوەی کێشەو ناکۆکیە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان و دابەشکردنەوەی جیهان بەسەر بلۆک بەندیە سیاسی و ئابوری وسەربازیەکانیاندا، ئەوا ئیتر نەبریارو نەبەڵێننامە نێودەوڵەتیەکان نەدەزگاکانی دادوەری نیودەوڵەتی ناتوانێت ئارامی وئەمنیەت بۆخەڵکی سەرئەم گۆی زەویە دەستەبەربکا و لەوەش زیاتر بەشی زۆری ئەو رێکخراوانە پابەندی بەڵێنامەکانی خۆیان نین و سەربەخۆیان لەدەستداوە. هەربۆیە دەبی کۆمەلگەی بەشەری وجەماوەری کرێکاران و خەڵکی ژێر چەپۆکی دەولەتانی سەرمایەداری بەخەباتی یەکگرتوانەی خۆیان لەدژی ئەم بەڵاو مەترسییە بێنە مەیدانەوەو رێگەنەدەن دەولەتانی سەرمایەداری بۆقازانجی خۆیان تراژیدیای ئینسانی رووبەرویان بکەنەوە. بەدڵنیایەوە خەبات بۆ روخانی سیستەمی سەرمایەداری و پاکردنەوەی جیهان لەچەکی کۆکوژی، لەریزی پێشەوەدا لەئەستۆی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکانە.

...



# هەنگاوی ئەرێنی شکاندنی پەیکەرەکانی فاشیزمە

نووسینی: عبدالرحمن رسول

سیماکانی سەرکەوتنی شۆرشی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز هەنگاو بە هەنگاو باشتر لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان دەردەکەوێت. ئەزیزانی خوێنەر پێویستە هەر یەکەمان بۆ هێنانەدی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی چەوساوە و کرێکار وهەژاری ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان پشتیوانی بکەین، ئەم هەنگاوە نوێیە بەشێکی گرینگی هەنگاوی بەرەو گۆڕانکاری لە ئێران و کوردستان و ناوچەکەی بزانین.

پێکهاتەی ئەم هێزە شۆڕشگێڕییە جەماوەرییە لەناخی کۆمەڵگەیەکەوە سەرچاوەی گرتووە کەباوەڕی بەگۆڕانکاری کرداری هەیە کە سەرجەم پایە و دیوارەکانی سیستەمی جۆرەکانی دەسەڵاتی فاشیزمی دینی و قەومی و پاشایەتی و بنەماڵەیی لەبناغەوە هەڵتەکێنێت و بیخاتە زبڵدانی مێژووەوە، لەداهاتوویی گۆڕانکاری لەدەسەڵات ئاهەنگی شادی و خۆشی سەرکەوتنی گۆڕانکارییەکان لەناخی کۆمەڵگەشەوە بخاتە چوارچێوەی گۆڕانکاری لەدەسەڵاتەوە .

شکاندنی پەیکەری گەورە تیرۆریستی ئیسلامی قاسم سلێمانی وسووتاندنی وێنەکانی خامەنی وجەعفەری و خومێنی وکەسانی باڵای دەسەڵاتی ئیسلامی ئێران لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازەوە هەنگاوێکی جوانی سەرکەوتووە لە ئێستای هەبوونی دەسەڵاتی بەزۆر سەپێندراوی فاشیزمی ئیسلامی ئێراندا. پێویستە لە سەرجەم کوچ وکۆڵان وخیابانەکان دەست ببرێت بۆ لابردنی وێنە وپەیکەرەکانی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی، هەرچی رەمزو یاسا و وێنەو پەیکەرەکانیان هەیە دانە بەدانەیان بسووتێندرێت و بشکێندرێت.

لادان و لابردنی مەندیل و عەمامەی مەلاکانی ئاخوندی ئیسلامی لەلایەن گەنجان ولاوانی کچان وکوڕانی ئازادیخوازەوە هەنگاوی زۆر جوانی ئەرێنییە، هەرگیز ناچێتە چوارچێوەی سوکایەتی پێکردنەوە بەمرۆڤەوە لەبەرئەوەی لەژێر ئەو عەبا ومەدیل وعەمامەدا زۆرترین ئیتلاعات و جاسوس و ساختەچی و قۆڵبڕ و گیرفان بڕ ودرۆزن و دز خۆی شاردۆتەوە بەناوی بانگەوازی دینی یەوە دەستیان لەگەڵ مافییەکانی دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەردا تێکەڵ کردووە لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، و هیچ بەزەیەکییەکان بەخەڵکی کرێکار وئازادیخوازدا نەهاتۆنەوە و جاسوسییان بەسەرەوە کردووە، هەتا ئەو دەسەڵاتەی فاشیزمەش بمێنێت جاسوسی بۆ دەکەن.

دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران بەدرێژایی تەمەنی یەکەمین هەنگاوی کە بەردەوامی کاری لەسەر کردووە لەژێر ناوی مەلایەتی و بانگەوازی ئایینی و ئیسلامی لەکۆڵان و کوچەو گەرەکی شارو لادێکاندا بەهەزارەها کەسی پەروەردە کردووە بۆئەوەی جاسوسی بەسەر خەڵکی گەڕەک و بازاڕ و شوێنی کارو کاسیپی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا بکەن هەر گەنجێک جیاواز لەفاشیزمی ئیسلامی بیری کردەوە و قسەی کرد جاسوسی بەسەردا بکەن و تۆمەتی ئاراستە بکەن دواتریش راپێچی زیندانی بکەن بۆ ئەشکەنجە دان و لەسێدارەدان.

هەربۆیە گاڵتەپێکردن و لابردنی عەمامەی سپی مەلاکانی ئاخوندی بەشێکە لەهەنگاوی گەورەی کۆمەڵایەتی سەرکەوتنی شۆڕشی رزگارییە لەکۆنەخوازی و چەوسانەوە ونایەکسانی. کەدواتر سیماکانی شارەستانی وپێشکەوتنخوازی جێگەی دەگرێتەوە.


سیماکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ژنان وپیاوانی ئازادیخواز هەنگاو بەهەنگاو باشتر دەردەکەوێت.

لابردن وشکاندنی دیواری نێوان خوێندکارانی کوڕان وکچان لەناو زانکۆ وخوێندنگەکان هەنگاوێکی زۆر گرینگ و جێگای دەست خۆشییە، کە خودی خوێندنکاران هەنگاوی بۆ دەنێن. ئەم هەنگاوەیان نیشانەی وێڕای سەرکەوتنی شۆڕشە لەهەمانکاتدا نیشانەی هەبوونی ئیرادەی ئینسانی وئازادیخوازی و پێشکەوتنخوای ویەکسانیخوازیییە، جێگای ئەوپەڕی بەیاخ و گرینگە. ئومێدی گەشەی شارستانی و پێشکەوتنخوازی یە لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا وێڕایی هەبوونی ئەوپەڕی دەسەڵاتی دڕندانەی دژە ئازادی و ئینسانی، بەڵام ئێستا لەگەڵ لەرزینی پایەکانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە دڕەندەیە سەرجەم لایەنە مەعنەوی وکۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یەکانیشی بەیەکەوە هەرس دینیت و دادەڕمێت و لەناو دەچێت.

شکاندنی پەیکەری گەورە تیرۆریستی ئیسلامی قاسم سلێمانی و سووتاندنی وێنەکانی خومێنی وخامەنی و گشت بەرپرسانی باڵای دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی لەلایەن خەڵکی ئازادیخوازانەوە هەنگاوێکی جوانی سەرکەوتووە دەستان خۆش بێت سەرکەوتووبێت ئەم تێکۆشانە پێشکەوتنخوازی وئازادیخوازەی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان.

بەشکاندنی پەیکەرەکانی فاشیزم ئایندەیەکی باشتر بەدەست دەهێندرێت کاتێک خەڵک خۆی دواتر کۆمەڵگە بەرێوەبەرێت بەئیدارەدانی شورایی. لەهەر شوێنێک بۆتان کرا دەست بەرن بۆ کاری هاوپشتی وهەماهەنگی بۆ هاوکاری و تێکۆشانی یەکگرتووانە، هەرچی زووترە لەگەڕەک و شوێنەکانی ڕزگارکرا، کۆمیتەی شورایی پێکبهێنن بۆ ئیدارەدان و بەرنامەی پارێزگاریکردن لە سەرومالی خەڵک. لەهەندێک شوێن و گەڕەک دەستبراوە بۆ دروستکردنی خواردن ودابەشکردن بەسەر خەڵکی ناو خیابان لەکاتی نارەزایەتییەکاندا ئەم جۆرە هەنگاوانە دەبێت گەشەی پێبدرێت و کۆمیتەی هاوکاری تەندروستی هاوشانی سەرجەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان دابمەزرێندرێت و بەچەندین گروپ ودەستەی هاوکاری لەناو خەڵکدا بڵاوببنەوە بۆئەوەی لەهەر ئەگەرێکی پێویست ئەوان ئامادەییان هەبێت بۆ هاوکاری تەندروستی. ئێوە بزانن ئەی خەڵکی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لەئێستادا ئامادە باشی دەکەن بۆ تۆمارکردنی جوانترین وباشترین هەنگاوەکانی تێکۆشانی جەماوەری یەکگرتووانەی مێژوویی، دڵنیابن ئێمە و سەرجەم ئازادیخوازان ویەکسانیخوازانی هەموو ئێران و جیهان لەقۆناغی ئێستا وداهاتوویی چەندەها ساڵی تریش شانازییتان پێوەدەکات. ئەم جۆرە تێکۆشانە جەماوەرییە یەکگرتوویەتان بەرز دەنرخێنێت و یادی دەکاتەوە، لەبەرئەوەی دەبێت کردنەوەی دەرگای ئازادی و گەشەی نوێ بوونەوە و شارستانییەت و ژیانێکی نوێ ترو باشتر بۆ هەمووان. هەربۆیە دەبێت ئەم تێکۆشانە هەنگاو بەهەنگاو رەگی فاشیزمی ئیسلامی ئێران وسەرجەم فاشیزمەکانی بنەماڵەیی وپاشایەتی بۆ یەکجاری لەکۆمەڵگە دەربهێنێت.

نەمری و سەربەرزی بۆ هەریەکە لە کچان و ژنان و کوڕان وپیاوانی ئازادیخواز کە گیانی خۆیان کردە قوربانی لەپێناوی ڕوخانی دەسەڵاتی فاشیزمی ئیسلامی ئێران و دەبێت ئەم فاشیزمە دڕندانەیە هەرچی زووترە بڕوخێت و نەمێنێت . هەر شەکاوەبێت ئالایی تێکۆشانی جەماوەری یەکگرتووانە بۆ هێنانەدی ئیدارەدانی شورایی...



## جیهاد محەمەد کەریم: ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرنسا، تەنانەت ڕوسیا وچین دوودڵن و دەترسن لەوەی ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران، ئەوەندە چەپڕەوییەکی توونڈ و گەورە لە جیهاندا دروست بکات، کە سەرمایەداری جیهانی بە هەموو بەرە بە حساب دژبەیەکەکانەوە بخاتە دۆزەخ و تێکشکانەوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز جیهاد محەمەد کەریم؛ نووسەر و وەرگێڕ سەبارەت بە "ڕاپەڕێنی خەڵکی ئێران و ئاییندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"

**بۆپێشەوە: زیاتر لەچەند هەفتەیە، جەماوەری ئازادیخواز لە کوردستان و ئێران، دەستیان داوەتە ڕاپەڕین و خرۆشانێکی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی، هۆکار و ریشەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە لە چیدایە؟**

**جیهاد محەمەد کەریم:** لای هەمووان ئاشکرایە، کە لە ساڵی ١٩٧٩دا، ڕاپەڕین و شۆڕشێکی جەماوەری گەورە لە لایەن هێزی چەوساوە و ستەمدیدەکانی گەلانی ئێرانەوە دژ بە حوکمڕانی پاشایەتی بەرپا بوو. بە داخەوە، بە هاوکاری و پشتیوانی هێزی سەرمایەداری جیهانی بە تایبەتی ئەمریکا و فەرنسا و بەریتانیا، دژەشۆڕش، توانی سەرکەوتنی ڕاپەڕین و شۆڕش لە ژێر دەستی خەڵکی چەوساوەکان و ستەمدیدەکان دەربهێنێت و بیخاتە دەستی کۆنەپەرسترین هێزی ئایینی شیعەگەراییەوە. ئەوە بوو، خومەینی بە فرۆکەی تایبەتی فەرەنسا گوێزرایەوە بۆ ئێران و کرا بە ڕابەر و پێشەنگی سەرکەوتنەکان. ئیتر لەو ڕۆژەوە تا ئێستا کە ٤٣ ساڵ دەکات ،گەلانی ئێران بە گشتی و بە تایبەتی چین و توێژە چەوساوە و ستەمدیدەکان دەناڵێنن بە دەست ستەمکاری و زوڵم و زۆری ئەم ڕژێمە ئایینیە ستەمکارەوە. ٤٣ ساڵە جگە لە چەوساندنەوەی هەژاران و کرێکاران و زەحمەتکێشەکان، ژنان بە تەواوەتی هەموو ئازادی و مافێکیان پێشێل کراوە. بە زۆر ژنان لەچک بەسەر کراون، ئەوی تاڵێ لە قژی دەرکەوتبێت، سزای دەیان شەلاقی بۆ براوەتەوە. هەر لە زۆر منداڵیەوە کچان لە ماڵەکانی خۆیان و لە فێرگەکان و زانکۆکاندا، کراون بە لەچک بەسەر و پۆشاکی هاودامانی ئیسلامی کراوەتە بەریان. لە کاتێکدا گەلانی ئێران گەلانێکی ڕاقی و مەدەنی بوون و تا ئاستێک ئازادی خۆیان هەبووە، تەنانەت لە سەردەمی پاشایەتیشدا ئەگەر بە ئازادیە لیبراڵیەکەش بووبێت، کچان و ژنان ئازادبوون چ جۆرە پۆشاکێک دەپۆشن. ئەمە جگە لەوەی کە دەستبردن بۆ سیاسەت و هاوبەشیکردن لە سیاسەت و ڕەخنەی سیاسی بە تەواوەتی قەدەغەکراوە، هەر کەسێک ڕەخنەی لەم ڕژێمە هەبووبێت و لە جوڵانەوەیەکی سیاسییدا هاوبەش بووبێت، بە یاسایەکی زۆردارانە و فاشیانە لە سێدارە دراوە، تەنانەت شێرکۆ بێکەسی شاعیر ناوی ئەم دەوڵەتەی نابوو، "کۆماری سێدارە". هۆکاری سەرەکی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکان و نارەزایەتیەکانە زۆر بە کورتی ئەوەیە کە ئاماژەم پێکرد.

> **بڕواناکەم ئەم نارەزایەتییانە هەروا بە ئاسانی بتوانرێت دابمرێکتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئەم ڕاپەڕین و نارەزایەتیانە ژنان سەرکردایەتی دەکات، یەکەمجارە ژنان لە بۆتەی خەباتدا چاوەڕێی پیاوان نەکەن و خۆیان دەستبکەن بە ڕاپەڕین و نارەزایەتی دەربڕین.**

**بۆپێشەوە: گیان لەدەستدانی مەهسا ئەمینی (ژینا)، چۆن وا خێرا بووە هۆی چەغماخەدانی ڕاپەڕین و شۆڕش؟**

**جیهاد محەمەد کەریم:** کورد دەڵێت:"کەچام پڕبوو لێی دڕژێ". ٤٣ ساڵە ژنان لە ژێر جەبەروتی ئایینی شیعەگەراییدا دەچەوسێنرێنەوە، بە دەیان و سەدان ژن لە سێدارە دراون، بە دەیان و سەدان ژن لەسەر شەقامەکان بە بەرچاوی خەڵکەوە دراونەتە بەر شەلاقی پۆلیسی(ئەخلاق). بێ مافترین توێژ توێژی ژنان بوون، هەرچی پێی بڵێی ئازادی و سەربەستیە ژنان نەیانبووە. ژنان بە پێی پرنسیپەکانی ئایینی ئیسلام خۆیان لە خۆیاندا تاوانبار و سەرچاوەی خراپەکارین. هەموو ڕاپەڕین و شۆڕشێک لە پڕ لە بریسکەیەکەوە دەتەقێتەوە و دەبێت بە ئاگرێکی گەورە و بەردەبێتە گیانی شۆڤێنیەکان و دیکتاتۆرەکان. ژینای تەمەن ٢٢ ساڵیش بوو بەو بریسکە ئاگرەو بەربووە گیانی ئاخوندەکانی ئێران. گەلی کورد و گەلانی ئێران زۆر دەمێکە پڕن لەم ڕژێمە چەوسێنەر و دڕندەیە، دەیان جار خۆپیشاندان و ڕاپەڕین ڕوویان داوە، بە داخەوە کە تا ئێستا هیچیان نەگەیشتوون بە ئاکام و سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە. ئەمجارەیان پێدەچێت ئەم ڕاپەڕینە ببێت بە شۆڕشێکی سەرتاسەری و کۆتایی بەم ڕژێمە ئاخوندەییە ئایینیە بهێنێت.

> **بێگومان؛ ئەم دروشمە "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمێکی رووت و رووکەشی و بێ ناوەڕۆك و بێ بنەما و بێ سەرچاوە نییە، بەڵکو لە بنچینەدا دروشمێکی فەلسەفی، فیکری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئیکۆلۆژیی و سیاسییە. لە ناواخنی فەلسەفەی پارادایمێکدا لەدایکبووە، گوزارشتێکی پووخت و جەوهەریانەی ئەو پارادایمەیە کە لێیەوە دەرهاتووە.**

بۆپێشەوە: ئەوەی ئێستا لە ئێراندا ڕوودەدات، خرۆشانی جەماوەری و کاتییە یان ڕاپەڕین و شۆڕشە، بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی؟

جیهاد محەمەد کەریم: بە پێی پرنسیپەکانی شۆڕش، ناتوانم بڵێم شۆڕشە، بەڵام ڕاپەڕینێکی جەماوەریی سەرتاسەرییە، کە ماوەی ٤٠ ڕۆژ زیاترە دەستی پێ کردووە و ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبێت، بۆیە وا پێدەچێت، کە وردە وەردە گەشە بکات و ببێت بە شۆڕشێکی سەرتاسەری. بڕواناکەم ئەم نارەزایەتییانە هەروا بە ئاسانی بتوانرێت دابمرێکتەوە، بە تایبەتی لەبەرئەوەی ئەم ڕاپەڕین و نارەزایەتیانە ژنان سەرکردایەتی دەکات، یەکەمجارە ژنان لە بۆتەی خەباتدا چاوەڕێی پیاوان نەکەن و خۆیان دەستبکەن بە ڕاپەڕین و نارەزایەتی دەربڕین. ڕاپەڕینی ژنان ڕاپەڕینێکی پشوودرێژ و نەبڕاوە دەبێت.

**بۆپێشەوە: تایبەتمەندیەکانی ڕاپەڕێنی ئێستای خەڵکی ئێران چییە؟ جیاوازی لەگەڵ بزووتنەوەی نارەزایەتیەکانی ساڵانی پێشوو هەیە؟**

**جیهاد محەمەد کەریم:** چۆن شۆڕشی ١٧٨٩ لە فەرەنسادا، کاریگەری هەبوو لەسەر عەقڵیەت و بیرکردنەوە لە جیهاندا، هەڵبەت بە واتا پۆزەتیڤیی و پێشکەوتنخوازیەکەی، بە هەمانشێوە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلی کورد و گەلانی تری ئێران و کردنی بە شۆڕشێکی سەرتاسەریی، گۆڕانکاری گەورە لە هەموو جیهاندا و بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی ناویندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

ئەگەر وردبینەوە، زلهێزە جیهانیەکان لە یەککاتدا چەند لایەنگری شۆڕشی خەڵکی ئێران دەکەن، ئەوەندەش دوودڵن لە ئەنجامەکەی.

ئاخر سیفەتی سەخیف و ناشیرینی زلهێزە سەرمایەدارەکان، لەسەر بنەمای فەلسەفەی پراگماتیزمی، بیر لە ئەنجامەکەی دەکەنەوە بۆیە دوودڵن.

ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرنسا، تەنانەت ڕوسیا وچین دوودڵن و دەترسن لەوەی ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکی ئێران، ئەوەندە چەپڕەوییەکی توونڈ و گەورە لە جیهاندا دروست بکات، کە سەرمایەداری جیهانی بە هەموو بەرە بە حساب دژبەیەکەکانەوە بخاتە دۆزەخ و تێکشکانەوە و بەرەی چەوساوە و ستەمدیدەکانی جیهان سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنن. بەتایبەتی چونکە لەم ڕاپەڕینەدا ژنان پێشەنگن، ئەو هێزەی بە بێ چەک، تەنها بەهێزی مەعنەوی خۆیان ڕووبەڕووی دڕندەترین هێزی سەرکوتکەر دەبنەوە، ئەم هێزە لەرزی لە پیاوسالاریی هێناوە لە هەموو جیهاندا.

ئاخر نابێت بیرمان بچێت، پیاوسالاریی لەجیهاندا هێزێکی گەورەی سەرمایەداریی جیهانە.

هەموو ئەو هێزانەی پێ لەسەر جیاکاری نێوان ژن و پیاو دادەگرن، ژن بە پلە دوو تەماشادەکان، ژن بە سەرچاوەی فەساد دادەنێن و دەڵێن:"ژن بە حیجاب و نیقابیشەوە، بە باڵاپۆشی هاودامانیشەوە هێشتا نەزەری حەرامە و سەرچاوەی فەسادە" هەموو ئەم هێزانە درۆزنن و ڕاست ناکەن و دژی سەرمایەداری جیهانی نین، بە پێچەوانەوە هەموو شەڕەکانیان لەگەڵ ئەمەریکادا بۆ برەودان و بەهێزکردنی سەرمایەداری جیهانیە.

کەواتە بمانەوێت و نەمانەوێت، ڕوخانی ڕژێمی ئێستای ئێران، ڕوخانی بەشێکی گەورەی هێزە زەبەلاحەکەی کۆنەپەرستانی جیهانە.

ئەگەر ئەمەریکا لێی ڕوونبێت کاریگەری ئەنجامی شۆڕشی خەڵکی ئێران ناپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی وەک سووریا، عێراق، لوبنان یەمەن و تونس و وڵاتانی تر، ئەوە ڕاستەوخۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلی کورد و گەلانی تری ئێرانی دەکرد.

ئاخر وێرانبوونی سووریا، عێراق لوبنان یەمەن و تونس، ئەو شەڕە نەخوازراوانە، شەڕی نەبڕاوەی گەلی کورد لە پێناوی بەدیهێنانی مافەڕەواکانیدا هەموو ئەمانە هێزێکی گەورەی ئابووریی دروست دەکات بۆ ئەمەریکا.

**بۆپێشەوە: دەسەڵاتی زۆنی سەوز لە کوردستانی عێراق (ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ڕێگری دەکات لەهەر چالاکیەکی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران، چۆن دەڕوانننە ئەم مامەڵەیە؟**

**جیهاد محەمەد کەریم:** دەسەڵاتە گەندەڵەکەی کوردستانی باشور، دەمێکە ساغبوونەتەوە لەوەی دەبێت خزمەتکاری دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ئێران بکەن، ئەمانە هەموویان ئاو لە یەک سەرچاوە دەخۆنەوە، بۆیە نایانەوێت دەوڵەتی تورکیا و ئێران ترسی لەسەر دروست بێت. بۆیە بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە پشتیوانانی ڕاپەڕینی ئێران دەکەن.

بۆپێشەوە: ڕاپەڕێنی خەڵکی ئێران زۆر زوو لە پشتیوانی بەرەی ئینسان دۆست و ئازادیخوازی جیهان بەهرەمەند بوو، ئەم پشتیوانییە خێرایە چیمان بۆ دەردەخات؟

جیهاد محەمەد کەریم: زۆر دەمێکە ئەوە ئاشکرا بووە، کە شۆڕشی چەکداری لاواز بووە لە جیهاندا و باوی نەماوە، بەڵام ڕاپەڕینە مەدەنییەکان، هێزی کۆمەڵی مەدەنی، بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ، مافی منداڵ و گەورەساڵان، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی کێشەی جێندەر، ئەم جۆرە خەباتانە لە جیهاندا دەیان و سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی هەیە کە پشتیوانی لێ بکات. ڕاپەڕین و نارەزایەتیەکانی ئێستای گەلانی ئێران بە پێشەنگ و ڕابەرایەتی ژنان، لە ژێر دروشمی:"ژن ژیان ئازادی"دا دەیان و سەدان ڕێکخراوی مەدەنی و سەندیکا و گروپ و هێزە ئازادیخوازەکان لە جیهاندا بوون بە پشتیوانی.

بێگومان؛ ئەم دروشمە "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمێکی رووت و رووکەشی و بێ ناوەڕۆک و بێ بنەما و بێ سەرچاوە نییە، بەڵکو لە بنچینەدا دروشمێکی فەلسەفی، فیکری، کولتووری، کۆمەڵایەتی، ئیکۆلۆژیی و سیاسییە. لە ناواخنی فەلسەفەی پارادایمێکدا لەدایکبووە، گوزارشتێکی پووخت و جەوهەریانەی ئەو پارادایمەیە کە لێیەوە دەرهاتووە. ئەم دروشمە دژەتێز (ئانتی تێز)ی سەرجەم ئەو دروشمانەیە کە پێشتر لە شۆڕشەکانی پێشخۆی هاتوون و بەرزکراونەتەوە....



# سالح سەرداری: ئەوەی کە خەڵکی زەحمەتکێش لە ڕژیم ڕاپەڕیون نەتیجەی زیاتر لە چوار دەیە زوڵم و ستەمکاری ڕژیمە بەرانبەریان ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز سالح سەرداری سکرتێری کۆمیتەی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران- حیکمەتیست، سەبارەت بە ڕاپەڕێنی خەڵکی ئێران و ئاییندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە...

**بۆپیشەوە: خۆپیشاندانەکان و ڕاپەڕینی خەڵکي ئێران تا ئێستا مورکی گشتی و سەراسەری پێوهیە، هۆکاری ئەم هاوئاهەنگی و سەراسەرییە چییە؟**

**سالح سەرداری:** ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان هەم سەراسەرین و هەم هاوئاهەنگیەکی زۆری تێدایە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕق و تووڕەییەکی پەنگ خواردوی کۆمەڵایەتی خەڵکی زولم لێکراوی ئێران کە چل و سێ ساڵی تەواوە لە ژێر زەخت و هەلاواردن و ئیستبدادی ئەم رژیمەدا ژیانیان لێ تاڵ بووە. کەمتر بنەماڵە هەیە ئازیزێکی نەکوژرابێ و یا لە زیندان نەکەوتبێ. فەقیری و ماڵوێرانی و بێکاری تووشی زوربە خەڵکی ئێران کردوە، سەرکوت و داسەپاندنی یاساکانی دەورانی بەبەریەتی محمد و الوئەسحابەکانی زۆری بۆ خەڵک هاوردووە. لە بەرانبەر ئەم هەموو زوڵم و زۆرەدا خەڵک کریکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازان بە دریژایی ئەو ساڵانە وەستاون و قوربانییان بۆ داوە.

بەتاییەت لە پێنج ساڵی رابوردوودا بە لێشاو هاتوونەتە سەرشەقام و لەبەرانبەر هێزە داپلوسێنەرەکانی رژیم دا خەبات و تیکوشانیان کردوە.

هەر بۆیە لەم ئاخیزە تازەدا هاوئاهەنگ و لێبڕاوانە لەسەرانسەری ئێراندا بۆ رووخاندنی ئەم رژیمە نەگریسە هاتوونەتە مەیدان.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی ژنان و لاوان لە ڕاپەڕین خەڵکی ئێراندا زۆر بەرجەستەیە، هکار چییە لاوان و بەتاییەتی تر ژنان ئاوا ڕۆڵی پێشرەویان لە ڕاپەڕینی ئێراندا هەیە؟**

**سەردار سالح:** لە جوابی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێم لەو هەموو نایەکسانی و سەرکوت و زوڵم و زۆرەدا ژنان زیاتر لە هەموو کەس قەوانینی کۆنەپەرستانەی ئیسلامی زوڵمی لێکردوون. ژنان نیوەی پیاو لە هەموو بوارە کانی ژیاندا حسیب دەکرێن. وەکوو کۆیلە چاویان لێدەکرێ، تا ماوەیەک لەمەوبەر بەردبارانکردن بەرانبەر بە ژنان بەرێوە دەچوو. لە یاسا و سونەتەکانی ئیسلامیدا ژن نیوەی پیاوە. ئەم یاسا دژە ئینسانیەی سەردەمی بەربەریەتی ئیسلامی لە ئێراندا هەمووی ئیجرا دەکرا. کۆماری ئیسلامی ئیران حیجابی ئیسلامی داسەپاند و بۆ پێشبردنی ئەم قانونە کونەپەرستانەی دەیان گرووپ و ریکخراوی سەرکوتگەری دروستکرد تا بەسەر ژنان دا بی سەپێنێ. بەلام سەرەرای ئەم هەموو زەخت و زۆرەی سەرکوتگەرانی رژیمی ئیران بزووتنەوە ژنان لە ئێراندا بەرانبەر بەم نایەکسانیە وەستاوەو تەسلیمی دام و دەزگای داپلوسێنەری رژیم نەبووە. زۆریک لە تیکوشەرانی بزووتنەوەی ژنان یا کوژراون و یا زیندانی کراون، بەلام کولێیان نەداوە و ئێستا زورترین کاریگەری لەم ڕاپەرینەی ئێراندا هەیە و زۆریان بۆ سەرکوتگەرانی کوماری ئیسلامی هێناوە. هەر ئیستا دوو فاکتور زۆر قەوانینی رژیمیان فە شەل پێهیناوە و لە شەقامەکان حیجابی ئیسلامیان فڕیداوە و یاسای کۆنەپە رستانەی ئیسلامی بەڕێوەنابەن.

> **ئەوەی کە خۆپیشاندانەکان هەم سەراسەرین و هەم هاوئاهەنگیەکی زۆری تێدایە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕق و تووڕەییەکی پەنگ خواردوی کۆمەڵایەتی خەڵکی زولم لێکراوی ئێران کە چل و سێ ساڵی تەواوە لە ژێر زەخت و هەلاواردن و ئیستبدادی ئەم رژیمەدا ژیانیان لێ تاڵ بووە...**

دەربارەی گەنجەکانیش هەروایە. گەنجانی ئیران بەتاییەت ئەوانەی لە سی ساڵی رابوردوودا هاتوونەتە دونیا و دەرسیان خویندووە و زەحمەتیان کێشاوە بە میلیون کەسیان بیکارن، لەسایەی حاکمیەتی رەشی کۆماری ئیسلامیدا هیچ ئاسۆیەکیان بۆ ژیاني داهاتوویان نییە. دەبینن سەروەت و سامانی ئەم ولاتە یەکجار زورە و دەسەلاتدارانی ئیسلامی ئیران خۆیان و کوڕ و کەسیان لەوپەڕ خوشیدا دەژین، ئەمانیش لە هەموو شتیک بێ بەرین زۆر ئاساییە بێنە سەر شەقام و بۆ داهاتوویەکی باشتر بۆ خویان ئیعتراز و تێکوشان بکەن. بەتاییەت گەنجانی ئەمرۆ بەهۆی ئەنتەرنێت و دونیای مەجازییەوە دەبینن کە خەڵکی تر چۆن دەژین و ئەمانیش چۆن لە ژێر زەخت و زۆری ئەم مەلایانەی رژیم دان. ئیتر حازر نییە ئەم وەزعە قبووڵ بکات بۆیە زۆر لیبڕاوانە و نەترسانە لە شەقام و کوچەو کوڵانی شارو شارۆچکەکان زۆریان بۆ سەرکوتگەرانی رژێم هیناوە و سەرەرای ئەوەی زۆریان لێ کوشتوون و زۆریان لیگیراوە، بەڵام کولێیان نەداوەو هەر لە مەیدانی تیکوشاندان بۆ روخاندنی حکوومەتی سەرمایەداری ئیسلامی.

**بۆپێشەوە: ڕاپەڕین و شوڕش لە ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر ئیسلامیەکان دەبێت لە ناوچەکە و لە دونیا؟**

**سالح سەرداری:** هەموومان دەزانین بە دەسەڵات گەیشتنی رژیمی ئیسلامی ئێران کە بە پاڵپشتی ئەمریکا و غەرب بوو، ئەو گرووپ و دەستە کۆنەپەرستە ئیسلامیانە بوژانەوە. کوماری ئیسلامی ئێران بۆ راگرتنی خۆی و بۆئەوەی لەو گرووپانە کەڵک وەرگرێ و لەکاتی خۆشیدا بۆ مەنفەعەتی خۆیان بەکاریان بێنێ هەموو ئەوانەی خستە ژێر حمایەتی خۆی.

گرووپ گەلی وەکوو حیزب اللهی لوبنان و حوثیەکان لە یەمەن، حەماس لە فەلەستین، صدر و حکیم و ،،،، لە عیراق و هەموویانی تەیار کرد و پارەو ئیمکاناتیکي زۆری پێدان و لەمەنتیقەکەدا هێزیان گرت و بوونە ئامرازی سەرکوت بۆ گیاني خەڵک و بەشێکیشیان بە دەسەلات گەیشتن. بە کەڵک وەرگرتن لەمانە تیرۆریزمی پەرەپێدا و زۆرێک لەدژە بەرانی خۆی تیرۆر کرد. جیا لە هەموو ئەمانە بە دروستکردنی مزگەوت و مەراکیزی مەزهەبی لە ئەورووپا و باقي شوێنەکانی تر ژیانی زۆر خەڵکی خستە مەترسیەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ فشار هێنان بۆ ئەمریکا و غەرب و .... ئەم گرووپانەی وەکوو کارتێک بۆ گەیشتن بەمەبەستەکانی خۆی بەکارهێناوە.

من پێموایە بە رووخاندنی رژیمی کوماری ئیسلامی هەموو ئەم گرووپە کۆنەپەرستە

> **لە ڕاپەرینەکە دا هەمووی ڕەنگ و بۆی چەپ و ئازادیخوازی پێوەیە. بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەم داخوازانە و دامەزراندنی حکوومەتیکی شورایی کە تێکرا هەمووکەس تێیدا بەشدار بێ، ئەرکێکی گەورەو میژوویی کەوتوەتە سەر شانی کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی بزووتنەوەی کریکاری...**

ئیسلامیانە یا لە ناودەچن یا ئەوەندە لاواز دەبن کە نەتوانن موزاحمی خەڵک بن.

بە روخاندنی رژیم ئیسلامی سیاسی شکست دەهێنێ و بە شەریەت بۆ ماوەیەک پشوو دەدات کە ساڵهایە تووشی بووە.

**بۆپێشەوە: بەجیا لە ئیسلامیەکان ناسیونالیستەکانیش، نیگەرانی شوڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی ئیرانن، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**سالح سەرداری:** ناسیونالیسم و مەزهەب دایم لە خزمەتی دەسەلات و حاکماندا بوون. زۆر ئاساییە کە ناسیونالیستەکان تا ئەو کاتە دێنە ناو شۆرش کە مە نفەعەتی خویان دەستەبەر بکات.

لە ئێستاش ئەم راپەرینە وا بەپان و بەرینی ئیران لە ئارادایە، دوو بەرەی جیاواز هەرکام بە بەنامە و ستراتیژی خۆیانەوە بەشداری دەکەن. ئەگەر چاوێک بەبەرنامە و لە هەڵسوکەوتی ناسیونالیستی ئیرانی و ناسیونالیست کورد لە ئیران بکەی تا ئەو ئەندازەیەی لە شورشەکەدا بەشدار دەبن کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا پارێزراو بێ. لەم چەند ساڵەی رابوردوودا ناسیونالیزمی ئیرانی و کورد بە دروستکردني ریکخراو و کونفرانس و .... خەریکی ئەوەبوون کە وەزعەکە بە قازانجي خۆیان کونترولّ بکەن، نیگەرانن ئەم راپەرینە بەو دروشم و رادیکالیسمەوە کە لەشەقامەکاندا دەیڵێنەوە، نەتوانن بەری پێبگرن و لەدەستیان دەربچێت. ناسیونالیستەکان دەیانەوێ خەڵکی راپەڕیو دوای رووخاندنی رژێم بچنە ماڵەوەو لە دیاریکردنی داهاتووی ژیانی خۆیان بەشدار نەبن و ناسیونالیستەکان بۆخۆیان بەدوور لەچاو و دەخالەتی خەڵک وحکومەت و قانوونیک بەسەر خەڵکدا فەرز بکەن کە مەنفەعەتی سەرمایە پارێزراو بێت.

بەرەیەکی تر کۆمۆنیستەکان و کرێکارانن، کە دەیانەوێ رژێمی داهاتووی ئیران رژێمیک بێ یەکسانی و رفاه و خوشبەختی و بەرینترین ئازادییەکان بۆ هەموو کەس دابین بکرێ. دروشمەکان، داخوازییەکان، لە ڕاپەرینەکە دا هەمووی ڕەنگ و بۆی چەپ و ئازادیخوازی پێوەیە. بۆ بەسەرئەنجام گەیاندنی ئەم داخوازانە و دامەزراندنی حکوومەتیکی شورایی کە تێکرا هەموو کەس تێیدا بەشدار بێ، ئەرکێکی گەورەو میژوویی کەوتوەتە سەر شانی کۆمۆنیستەکان و ڕابەرانی بزووتنەوەی کریکاری.

**بۆپێشەوە: بەچ جۆرێک دەبێت خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەکە و دونیا پشتیوانی لەخەڵکی راپەریوی ئێران بکەن؟**

**سالح سەرداری:** خەڵکی ئازادیخواز لە مەنتیقەکەو تەنانەت زۆر شوێنی ئەم گۆی زەوییە دەزانن کە مانەوە کوماری ئیسلامی بۆ هەموو کەس جێی ترس و نیگەرانییە و هەروەها دەبینن کە خەڵکی ئیران بەتاییەت ژنان و لاوان زۆر ئازایانە و نەترسانە بەرانبەر بە سەرکوتگەران دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتور، بڕوخێ جمهوری اسلامی، ئازادی و بەرابەری و زۆر دروشمی تر دەڵێنەوە.

کەوابوو بۆ نەجات بەشەریەت بە دەست ئەم هیولای ئیسلامیە کە خۆی بەسەر خەڵکدا داسەپاندووە، بینەدەس و بەهەر جۆرێ بۆیان دەکرێ لەخەباتی خەڵکی ئێران دژ بەجەنایەتکارانی ئیسلامی پشتیوانی بکەن. لە شوین و ریگای خۆیان کۆبوونەوەو ئیعتراز رێکبخەن و پاڵپشتی خەبات و تێکوشانی خەڵکی ئیران بن. کوماری ئیسلامی ئیران زۆری بۆ هاتووە، کێشمەکێشێکی واقیعی لە ئارادایە، دەبێ تا بەسەرکەوتن گەیشتنی خەڵک بەرانبەر بە حکوومەتی رەشی ئیسلامی درێژەی پێ بدرێ. خەڵکی ئازادیخواز لەسەرانسەری دونیا دەبێ بۆ رووخاندنی رژیمی ئیسلامی یارمەتی خەڵکی ئیران بدەن.

**بۆپێشەوە: کوماری ئیسلامی ئیران لە بیانوویەک دەگەرێت هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیون تاوانبار بکات و بە هوکاری ئەو بزووتنەوەیەیان دەزانیت؟ ئایا رولّی ئۆپۆزسیون بە گشتی و چەپ و کۆمونیست و حزبەکانیان لە کویدایە؟**

**سالح سەرداری:** یەکەم جار نییە، کە کوماری ئیسلامی ئەمە دەڵێ. بە درێژایی عومری نەگریسی خۆی بە شوێن بیانوویەکدا گەڕاوە بۆئەوەی سەرکوتگەرییەکانی خۆی تەوجیە بکات بەلام سەرکەتوو نەبووە. ئەوەی کە خەڵکی زەحمەتکێش لە رژیم ڕاپەڕیون نەتیجەی زیاتر لە چوار دەیە زوڵم و ستەمکاری رژیمە بەرانبەریان.

هێزەکانی ئوپوزسیون بەتاییەت کومونیست و چەپەکان لە هەمووی ئەم ساڵانەدا لەپاڵ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا بوون بەرانبەر بە رژێم و لە خەبات و تیکوشانی خەڵکەکە پشتیوانیان کردووە.

لە جواب بە بەشی دووی پرسیارەکەتان دەبێ بڵێم بەڵێ دەور و نەخشی چەپ و کۆمۆنیستەکان لەم راپەرینەدا زۆر روون و دیارە. ئەگەر چاوێک بە داخوازی و دروشمەکاندا کە رادیکاڵن، پێشڕەون و یەکسانیخوازانە، بخشێنین بە ئاشکرا ئەمە دەبینین. ئەوەی کە میدیای بورژوایی غەرب و ئیرانی باسی ناکەن، زەرەیەک لەو حەقیقەتە ناتوانێ کەم بکاتەوە، کە دروشم و داخوازییەکانی راپەڕینە کە ڕەنگ و بۆی چەپ و عەدالتخوازانەیە، کە کۆمونیستەکان ساڵهایە کاریان بۆ کردووە و خوشبەختانە جوابی وەرگرتۆتەوە.



## عومەری خەتات: یەکێك لە دیاردە بەهێزەکانی ڕاپەڕین ئەوەیە کە لەلایەن ژنـــانەوە سەرکردایەتی دەکرێت کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە میحوەریی و جیاکەرەوەکان لە خۆپیشـاندانەکانی پێشـوو...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز عومەری خەتات نووسەر وهەڵسوڕاوی کۆمۆنیست سەبارەت بە" ڕاپەڕێنی خەڵکی ئێران و ئاییندەی ئەم خرۆشان و ڕاپەرینە"

**بۆپێشەوە:شیعارەکانی خۆپیشاندانەکان لە ئێران تا چەندە ڕوولە گۆڕانکاریە لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران؟**

**عومەری خەتات:** سـەرەتا سوپاسی دەستەی بەڕێوەبردنی "بۆپێشەوە" دەکەم کە ئەم فرسەتەیان بۆم دانا بۆ گفتوگۆ لەسەر ڕووداوێکی گرنگ کە لە ئێراندا ڕوودەدات و ڕاستەوخۆ پەیوەندی و کاریگەریی دادەنێت لەسەر ئێمە و ناوچەکە و تەنانەت جیهانیش.

> **کرداری حیجاب سوتاندن ڕێك کردارێکی بە ئاگای سـیاسییە بەرامبەر بە یاسا و شەریعەت و حوکمێکی ئیسـلامی کە ڕژێم دایڕشتووە و بە ئاگر و ئاسـن بەرگریی لێدەکات...**

سەبارەت بە پرسیارەکەتان. سەرەتا و لە دوای کوشتنی ژینا، خەڵکی شۆڕشگێڕی سەقز بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هاتنەمەیدان و هەر زوو ئەم شیعارە وەکو پزیسکی ئاگر، وەک چەخماخە هەموو کۆمەڵگەی ئێرانی بە دوای خۆیدا کێش کرد و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوبەری یاخیوون و ڕاپەڕین گەورەتر دەبۆوە. هەڵبەت ئەمە یەکەمین ڕاپەڕین نییە لە مێژووی دورستبوونی ئەم پەتایەی ناوی کۆماری ئیسلامییە. ئەم ڕژێمە فاشیستیە هارە هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە مێژوویەکی قورسی لە سەرکوت و چەوسانەوەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵک و چینی کرێکار بە گشتی و کەمایەتییەکانی وەک کورد و بەلوچ و بەهایی و ژنانی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ خۆی تۆمار کردووە. هەر بۆیە ناڕەزایەتی، خۆپیشاندان، یاخیبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت چەکدارییش هەمیشە بە درێژایی تەمەنی ئەم ڕژێمە بوونی هەبووە بەردەوامیش دەبێت. ئەوەی تا چەند ئەم خۆپیشاندانانە دەڕوات بەرەو بەدیهێنانی گۆڕانکاریی لە ڕژێمدا! پرسیارێکە و وەڵام و ئەگەری زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت! چەند دیاردەیەک خۆپیشاندانەکانی ئێستا لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە و نیشانی دەدات کە هەڵچوون و ڕاپەڕینەکانی ئەمجارە دەتوانێت بگاتە ئاستی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی ڕژێم وەلابنێت. یەکێک لە دیاردە بەهێزەکانی ڕاپەڕین ئەوەیە کە لەلایەن ژنانەوە سەرکردایەتی دەکرێت کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە میحوەریی و جیاکەرەوەکان لە خۆپیشاندانەکانی پێشوو. حیجاب سووتاندن و قژبڕین بەرزکردنەوەی وێنەی ژینا لە ئێران و تەواوی دنیاو شیعاری "ژن، ژیان، ئازادی" کە گۆڕاوە بۆ شیعارێکی ئازادیبەخشانەی جیهانیی لە نیشانە دیارەکانی ئەم هاتنەمەیدانەی ژنانە. ژنانی ڕاپەڕیو داینەمۆی ئەو گۆڕانکاریانەن کە دەتوانن قامەتی ڕژێم بدات بە زەویدا. بە پێچەوانەی دیدگای فیمینیستی و جێندەری یان ئایینیی کە ڕژێم خۆی زیاتر لە پشتیەتی و دەیەوێت

کرداری حیجاب سوتاندن لە بەرگ و مانا سیاسییەکەی داماڵێت و بیخاتە ناو فۆرمە تیۆلۆژییە- ئایینییەکەوە، و بەمەش کرداری حیجاب سوتاندن وەک کرداری تاکێکی بێ پرەنسیب و سەرکێش بەرامبەر بە یاسا ئیسلامییەکان وێنا بکات! کرداری حیجاب سوتاندن ڕێک کردارێکی بە ئاگای سیاسییە بەرامبەر بە یاسا و شەریعەت و حوکمێکی ئیسلامی کە ڕژێم دایڕشتووە و بە ئاگر و ئاسن بەرگریی لێدەکات.

یەکێکی تر لە دیاردە جیاکەرەوەکانی ڕاپەڕینی ئێستا کە دەتوانێت گۆڕانکاریی دروستبکات دەرچوونیەتی لە دوانەی "ئیسلاح تەڵەب و موحافیزەکارەکان"! خۆپیشاندان و هەڵچوونە کرێکاریی و جەماوەرییەکانی ڕابردوو ئەگەرچی لە ناوەڕۆکدا دژ بە دەسەڵاتی ڕژێم بوو، بەڵام لە فۆرمی دەرەوەدا لە چوارچێوەی کێشمەکێشی دوو باڵی ناو ڕژێم دەچووەپێش، باڵێکی توندڕەو کە خامەنەئی لە پشتییەوە بوو لەگەڵ باڵێکی چاکساز کە هەمیشە دەموچاوێکی "چاکسازی" ڕژێم خۆی نوێنەراتی دەکرد. ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا ئەم فۆرمە دەرەکییەی فڕێداوە و شیعارەکان بوونەتە "مەرگ بۆ ڕژێم، مەرگ بۆ دیکتاتۆر"!.

یەکێکی تر لە دیاردە دیارەکان، هاتنەمەیدانی ئەو ناوەند و شوێنانەیە کە پێشتر بە "لایەنگر" یان موالاتی ڕژێم ناسرابوون، شارەکانی وەک ئەسفەهان، قوم، مەشهەد ئێستا بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن "مەرگ بۆ ڕژێم". مەرگی ژینا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو جیاکارییە ئیتنیکیەی وەلانا و زۆربەی هەرە زۆری دەنگە کپکراوەکانی هەموو شارەکانی ئێرانی لە یەک دەنگدا بەرامبەر بە ڕژێم یەکخست.

> **مەرگی ژیـنا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو جیاکاریـیە ئیتنیکیەی وەلانا و زۆربەی هەرە زۆری دەنگە کپکراوەکانی هەموو شـارەکانی ئێرانی لە یەك دەنگدا بەرامبەر بە ڕژێـم یەکخسـت ...**

**بۆپێشەوە: هەندێک دەڵێن کوشتنی مەهسا ئەمینی (ژینا) هۆکاری ئەم ڕاپەڕین و شۆڕشەیە، ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**عومەری خەتات:** هۆکاری ڕاپەڕین و شۆڕش بێگومان کوشتنی ژینا نییە. بەڵام ئەوە کوشتنی ژینایە دەبێتە هەڵگریی ئەو تووڕەییە کۆمەڵایەتییانەی کە ئێرانییەکان بە درێژایی چوار دەهەیە بە دەست

سیستەمێکی هار و مرۆڤکوژەوە بە دەستیەوە دەناڵێنن، لە پێش هەموویانەوە سیاسەتی ئابووری ڕژێم و هەژاریی و نەدارییەک کە کردوویەتییە بەری کرێکاران و فەرمانبەران و ژنان و توێژە نەدارەکان. سەرکوتی ئازادییە فەردی و سیاسییەکان، فەرزکردنی ئاینی ئیسلام و ویلایەتی فەقیەکان، سەرکوت و زیندانکردن و لەسێدارەدانی شۆڕشگێڕانی ناڕازی، سەپاندنی سەرکوتی قەومی بۆ سەر نەتەوەکانی کورد و بەلوچ و ئازەری و هەر میللەت و ئایینێکی جیاواز لە سیستەمی باڵا، سەپاندنی حیجابی ئیجباریی بەسەر ژنان و دەیان و سەدان کارکرد و سیاسەتی نامرۆڤانە و قەهراویی هەموو ئەمانە تووڕەیی و بێزاریی لە ڕژێم خستبووە ئاستێکی بەرز لە تەقینەوە. مەرگی ژینا ئەو بڵقی تووڕەییەی تەقاند و بەو هۆیەشەوە کە حیجاب ڕەمزێکی سیاسییە و یەکێکە لە پایەکانی مانەوە و سەرنگوونی ڕژێم هەربۆیە فڕێدان و سوتاندنی لە شوێنە گشتییەکان و ناڕەزایەتییەکاندا دەبێتە کردارێکی شۆڕشگێڕانەی سیاسی.

**بۆپێشەوە: سەرکەوتنی ئەم ڕاپەڕێنەی ئێستای خەڵکی ئێران لە گرەوی چیدایە؟**

**عومەری خەتات:** بۆ خەڵکی ناڕازی لە گرەوی کۆمەڵێک فاکتەردایە؛ لەوانە سەراسەریبوونەوە و فراوانبوونەوەی زیاتری ناڕەزایەتییەکان لە تەواوی شارەکانی ئێراندا، پێکهێنانی کۆمیتە و ناوەندەکانی ڕاپەڕین و سەراسەری کردنەوەی بۆ پێکهێنانی ناوەندی بڕیاری مەرکەزی و هیدایەتکردنی تەواوی ناڕەزایەتییەکانە لە شارەکاندا. بەرەوامی گرنگە، ڕژێم و دەزگاکانی نابێت پشوو بدەن. ناکرێت خۆپیشاندانەکان لە یەک شوێنی دیاری کراودا قەتیس بکرێت.

بۆ بزووتنەوەی چەپیش گرنگە لەم کاتەدا خیلاف و تەنگەژە ئایدیۆلۆژییەکانی بەردەم کاری هاوبەش وەلا بنێن، و لە هەوڵی دروستکردنی پاڵپشتییەکی بەهێزبن بۆ خەڵکی ناڕازی بە تایبەتی لە کوردستان کە چەپ و سۆشیالیزم بناغە و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیانیان هەیە.

ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان سۆسیالیستی و چەپین و بۆنی ئازادیان لێدێت، ئەمە چەپیبوونە بە میدیاکانی ڕژێمەوە بە ڕۆشنی دیارە وە لە دەیان فیلمی دروستکراوی ڕژێمدا دەیبینیت کە دەیەوێت کۆمەڵە بە تایبەتی بلکێنێت بە تەواوی ئەو "تەخریب"ـەی کە تووشی کۆمەڵگە بووە. خاڵێک کە لێرەدا گرنگە بووترێت هەوڵدانە بۆ کاڵکردنەوەی خیتابی ناسیونالیستەکانە بە گشتی چ ناسیونالیزمی باڵادەستی فارس و چ ناسیونالیزمی کورد کە ئێستا بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات خەریکی تۆخکردنەوەی دەمارگیریی نەتەوەیین، کە ئەمە چ بۆ ئێستای خۆپیشاندانەکان تووشی سەرلێشێوان و پەراگەندەیی دەکات، و چ بۆ ئاییندەی کەوتنی ڕژێم دەمانخاتە بەردەم شەپۆلێکی تر لە دەمارگیریی نەتەوەیی و فاشیستییەوە. بۆ خستنی ڕژێم ئێمە پێویستمان بە هەموو دەنگێکی شۆڕشگێڕیی هەموو نەتەوە و زمان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. گرنگە لە ئاییندەی کەوتنی ڕژێمدا لانی کەم ڕژێمێک حوکم بکات کە فاشیستی نەبێت، ئەمە زەمانەتی زۆر شت دەکات لەوانە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەر نەتەوەیەک کە لە سەر زەوی ئێران دەژی.

**بۆپێشەوە: ئەم ڕاپەڕین و خرۆشانە جەماوەرییەی ئێران، چ کاریگەرییەکی لەسەر وڵاتانی دەوروبەر و بزووتنەوە سیاسیەکان و سیاسەتی پانی ئیسلامیستی دنیا دەبێت؟ عێراق و کوردستان بە نموونە.**

**عومەری خەتات:** هەر تەوژم و جوڵانێکی کۆمەڵایەتی ئاستی ڕادیکالیزم و شۆڕشگێڕبوون دەباتە سەرەوە، بە تایبەتی لە ئێستادا کە سۆشیالمیدیا ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاو دەبینێت لە خێرا بڵاوکردنەوەی ڕووداوەکاندا. کوشتنی ژینا بەو شێوەیە و شیعاری ژن، ژیان، ئازادی لە ئێستادا بوونەتە دیاردەیەکی تەواو شۆڕشگێڕانەی جیهانی و بە تەنها موڵکی خەڵکی کوردستان یان ئێران نیین. کاریگەریی ئەم ڕاپەڕینە لەسەر سیاسەتەکانی پانئیسلامیستی بە شێوەیەکە کە ئەگەر بە تەواوەتی دەمکوتیان نەکات ئەوە بەرەو بێهێزییان دەبات، خۆ ئەگەر ڕژێم بڕوخێت ئەوا بلۆکێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی و فاشیستی دەچێتە ژێرخاکەوە و چارەنووسی لە نازیزم کەمتر نابێت.

کاریگەریی ئەم خرۆشانە جەماوەرییە لەسەر عێراق و کوردستان ئەرێنییە، ئەوەندەی من ئاگادار بم سەدان و

# درێژەی دوا وتە

وەستانەوە بەرامبەر بە حکومەت، پێویست نییە، هەروەها داننانە بە شکستی هەڵبژاردنی رابردوو وە بە حکومەتی کاتی و هەوڵێکیشە بۆ پاشەکشەپێکردن و خەواندنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، لە چاوەرواندا هێشتنەوەی تا هەڵبژاردنی داهاتوو کە ماوەکەی ساڵێکە...

دیارە پێکهێنانی حکومەت دوای ساڵێک لە هەڵبژاردنی پێش وەختەو دوبارە ساڵێک دیاریکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، واتە ڕاگرتنی کۆمەڵگەی عێراق، لەگەمەی بەردەوامی هەڵبژاردنەکان و خۆدزینەوە لە وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین خواست و ویستە کەڵەکەبوو وە زۆر و زەوەنەکانی جەماوەری بیبەشی عێراق و گرفتە سیاسی و ئەمنی و حقوقییەکان. لەوەش زیاتر بە کراوەیی هێشتنەوەی ململانێی نێوان خانەوادەی "شیعەی سیاسییە" و ڕاگەیاندنی پێکهاتنی حکومەت و کابینە نوێکەی، بەمانای کۆتایی هاتن و یەکلابوونەوەی ئەو ململانێ سیاسیە نییە کەتا دوا ئاستی خۆی گەیشت و میلیشیاکانی بەرامبەر یەکتری ڕاگرت و خۆپیشاندانی بلۆکی سیاسی و ئاکسیۆنی هێز دەرخستنی لە شەقامدا خستە ڕوو.

پێکهاتنی حکومەت و ناوەرۆکی کارنامەکەی و ماوەی ساڵێک دیاریکردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، دەتوانێت تارادەیەک ئارامی لەنیوان بلۆکە نەیارەکانی هەڵگری ئەلگۆ جیاواز بۆ پیکهێنانی حکومەت بەدی بهێنێ، بێ ئەوەی سەنتیزی ململانێی سەر گۆرەپانی سیاسی عێراق، لەسەر ئەلگۆی حکومەتی، کۆتایی پێ بهێنێت. باڵە دەستڕۆشتوەکانی بۆرژوازی عێراقی لە پێکهێنانی حکومەت هێشتا ناکامن و توانای پێکهێنانی حکومەتێکی ئاساییان بە مانا بۆرژوازییەکەی نییە. کە بتوانێت بەرژەوەندی سەراسەری سەرجەم بۆرژوازی نوێنەرایەتی بکات و ئارامی سیاس وەکو یەکێک لە پێدوایستیە گرنگەکان بۆ کەڵەکەی سەرمایە زامن بکات.

ئەم حکومەتەی ئێستا پێکهاتووە دەتوانین بلێین حکومەتێکی کاتییە، بە وێنەی درێژەپێدەری حکومەتی کاتیی پێشوو بە ئاڵوگۆرێکی کەم لە دەم و چاوەکاندا. دیارە هێزەکانی پێکهێنەری ئەم حکومەتە دەیانەوێت لەماوەی ئەو ساڵەی لەبەردەستیانە، ئابڕو بۆ ئەو ئەلگۆ شکستخواردووە بگێڕنەوە، لە لەساڵی ٢٠٠٣ وە، لە عێراقدا پیادە دەکرێت و ناکامە لەوەی متمانەی لانی کەمی جەماوەر و باڵەکانی بۆرژوازی دەستەبەر بکات. ئەمجارە دەیانەوێت لە ڕێگای هەندێک چاکسازی روکەش و خستنەرووی چارەسەر بۆ چەند دۆسیەیەکی هەڵواسراو شانسێکی تر ئەزموون بکەن و وەکو کەمپەینێکی ڕاگەیاندنیش بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو کەڵکی لێوەربگرن و هاوسەنگی هێز بە سودی خۆیان بگۆڕن.

ئەوەی ڕۆشنە و دەتوانین پیداگری لەسەر بکەین ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەدا کە حکومەتێک پێکهاتووە، بەڵام چوارچێوەی گشتی ململانیکان لەسەر ئەلگۆی حکومەتی وەکو خۆی ماوەتەوە. نە ئەلگۆی حکومەتی زوربەی نیشتیمانی "نە ڕۆژهەڵاتی و نە ڕۆژئاوایی" کە ڕەوتی سەدر بانگەشەی دەکرد و نە حکومەت بەئەلگۆ کۆنەکەی "حکومەتی سازان و بەش بەشینەو هاوبەش" کە چوارچێوەی هاوئاهەنگی پێداگری لەسەر دەکەن بەشوێنێک نەگەیشتووە. بەڵکو ئەو ململانییەی هەڵپەساردووە یان دەتوانین بلێین خاویکردۆتەوە. ئەمەش پرسی پێکهێنانی حکومەتی بەکردەوە هێشتۆتەوە و ئاستی دەستێوەردانە دەرەکیەکانیشی دەباتە ئاستێکی تر لە چوارچیوەی ئامادەکاری نێوان بلۆکەکان بۆ دەورەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو. واتە بە کردەوە ئەزمەی حکومەتی کۆتایی نەهاتووە و لە بازنەی ململانێکانی پێشوودا، خول دەخوات.

دیارە ئەم ململانێیە لەسەر چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەت، کە بەشێک لە ئەزمەیەکی قوڵتری بۆرژوازی عێراقییە، بە پێکهێنانی حکومەت بە کۆتا ناگات و ڕەوتێکی درێژتر و پر گرێ و گوڵی زۆرترەی لەبەردەمە، بەڵام پێکهێنانی حکومەت دەتوانێت ئاستی گرژییەکانی ئێستا خاو بکاتەوەو چوارچێوەیەکی تر ببەخشێت بە ململانێکانی ناو باڵەکانی بۆرژوازی عێراقی.

ئەوەی لە پرسی پێکهێنانی حکومەت و کابینەکەی سودانیدا جێگای هەڵوێستەیە، چاوەڕوانی ناسیونالیزمی کوردە لە حکومەتەکەی سودانی. لەساڵی ٢٠٠٣ وە، لە عێراقدا چەند حکومەت پێکهاتووە، ناسیونالیزمی کورد، یەکسەر پشتیوانیان کردووە رایان گەیاندووە کە خواستەکانی خەڵکی کوردستان" کە دیارە مەبەستیان تەماحی سیاسی خۆیانە" جێگیر کردووە کەوتونەتە پشتیوانی لە کابینە حکومیەکان و بەو پێیەش بەشداریان تیایدا کردووە، لەهەموو ئەو کابینانەشدا ئەو بەڵێنانەی کە سودانی لە کارنامەکەی خۆیدا بۆ ساڵێک جێگری کردوون، لە کابینەکانی تردا بۆ چوار ساڵیش بەهەمان ناوەرۆکەوە پیداگریان لەسەر کراوە، بەڵام ململانێی نێوان بۆرژازی کورد و هێزەکانی لەگەڵ ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی لە عێراقدا، لەسەر دۆسیەی نەوت و غازو بودجە و ناوچە کیشەلەسەرەکان پیشمەرگەو سنور و ... بەردەوامی هەبووە، کەچی لەهەموو خولێک و کابینەیەکی نوێی حکومەت لە عێراقدا، شاگەشکە دەبن و خۆیانی پێوە هەڵدەواسن. دیارە هۆکاری ئەو مامەڵەیەی ناسیونالیزمی کوردیش لەگەڵ حکومەتەکانی ناوەندی لە عێراقدا، ئەوەیە کە ئەوان بەدوای بەشی خۆیان لە پۆست و داهات دان و دوور و نزیک پەیوەندی بەخواستە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییە.

دیارە لەهەلومەرجی ئێستادا کە ناسیونالیزمی کورد پێگەیەکی لاوازتر لە رابردووی هەیە و قیبلەی بە تەواوەتی روو لە ناوەندە، ئەوەی بۆی گرنگ نییە ناوەرۆکی ئەو حکومەت و هێزانەیە کە حکومەت پێک دەهێنن، ئەوەی گرنگە بۆیان دەیانەوێ بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بەشداری لە دەسەڵات لە بەغدا بن و ڕەوایەتی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا بۆ نوێ بکرێتەوە و وەکو نوینەری بۆرژوازی کورد و کۆمپانیاکانیان، لە کوردستاندا لەدەسەڵاتدا بمێنەوە.

دڵخۆشکردنی بۆرژوازی کورد، بەو چەند دۆسیەیەی لە کارنامەی کابینەکەی سودانیدا هاتوون، جگە لەهەوڵێک بۆ خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستانەوە هیچی تر نییە. ناسیونالیزمی کورد نە لە بەغدا نوینەری خواست و ویستە سیاسیەکانی خەڵکی کوردستانەو نە لە کوردستاندا دەسەڵاتی هیچ رەوایەتیەکی هەیە... ناسیونالیزمی کورد چ لە بەغدا و چ لە کوردستان نوێنەری بۆرژوازی کورد و کۆمپانیاکانە، کە خۆشیان وەکو دوو بنەماڵەی دەسەڵاتدار بەشێکن لەو کۆمپانیا تاڵانچیانە، کە گیرفان و سفرەی چینی کریکار و خەڵکی کوردستان، بەسەداب ڕیگە، دەڕوتێنەوە.

چۆن خەڵکی عێراق هیچ متمانەیەکیان بە حکومەتی عیراقی نییە و دەزانن حکومەت تەنها کاتۆنێک و ئامرازێکە بەدەست چەند کۆمپانیای میلیشیا لەپشت و نۆکەر پیشەی وڵاتانی ناوچەکە، بەهەمان شێوە خەڵکی کوردستان هیچ چاورەوانیەکیان لەم حکومەتە نییە و نابێ هەبێت، کە درێژەپێدەری کارنامەی هەمان حکومەتە ئەزمونکراوە شکستخواردووەکانی پێش خۆیەتی.

**کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢**

هەزاران..لە خەڵکی شۆڕشگێڕیی کورد چ لە ناوەوە و چ لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا پاڵپشتی خەڵکی ناڕازی دەکەن و هەواڵی نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکەیان بە شێوەیەکی بەربڵاو بڵاودەکەنەوە. لە عێراق و بە تایبەتی لە بەغدا تا ئێستا سێ خڕبوونەوەی جەماوەریی بۆ پاڵپشتی کردنی نارەزایەتییەکانی شارەکانی ئێران ئەنجامدراون، هەڵبەتە بە دەسپێشخەری

پۆلێک لە هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست و کۆمۆنیستی بەغدا. کێشەیەک کە لە کوردستان و لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق هەیە ئەوەیە کە خەڵک بە گشتی لەگەڵ هێز و دەسسەڵاتێکدا دەستوپێ نەرم دەکەن کە دەکرێت وەک نوێنەری ڕژێمی ئیسلامی ئێران پێناسەیان بۆ بکرێت. تا بڵێی مرۆڤکوژ و دڕەندەن ئەمەش کاریگەریی نەرینی هەیە لەسەر هاتنەمەیدان و پاڵپشتی نواندن.

بۆپێشەوە: دەسەڵاتی زۆنی سەوز لە کوردستانی عێراق (ژێر دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ڕێگری دەکات لەهەر چالاکیەکی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران، چۆن دەڕواننە ئەم مامەڵەیە؟

عومەری خەتات: نەک تەنها لە زۆنی سەوز، بەڵکو زۆنی زەردیش هەمان ڕێگریی دەکات، یەک شت بزانین ئەویش ئەوەیە کە ئەو هێزانەی دەسەلاتی هەرێمی کوردستانیان

بەدەستەوەیە تا بینەقاقایان کلکایەتی و جاشایەتی بووە بۆ ڕژێمی ئیسلامی و ڕژێمی تورکیا. بەرژەوەندی دەسەڵاتەکانی زۆنەکانی سەوز و زەرد هیچ کات و بە درێژایی مێژووی سیاسی ئەم هێزانە لە پاڵ پرسی چارەنوسسازی خەڵکی کوردستاندا نەبووە، بە پێچەوانەوە چارەڕەشی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە چارەنووسیان بە دەست ئەم هێزە ناسیونالیستانەوەن.

**ئەم ڕاپەڕین و هەستانە جەماوەرییە، کە درێژکراوەی راپەرین و هەستانە جەماوەرییەکانی پێشوترە، خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی دیاریکراوە کە گەیاندویەتی بە ئێستا و جێگا ئومێدی بەرینی دنیا. سەراسەری بوونی هەستان و راپەرینە جەماوەرییەکە بەجۆرێکە کە هەموو شارو شارۆچکەو تەنانەت بەشێکی زۆر لە دێهاتەکانییشی گرتۆتەوە. هەروەها سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕەکان تیایدا بەشدارن، کرێکاران، مامۆستایان، ژنان، لاوان، خوێندکاران، خانەنشینان...تاد. هەروەها بوونی هاوئاهەنگی لە نیوان بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و بەشەکانیدا، باڵادەستی دروشم و داخوازی سەراسەری و رادیکاڵ و پێشکەتنخوازانە و کەم رەنگی و لاوازی ناسنامە مەحەلی و ناسیونالیستی و میللیەکان. درێژەکێشانی راپەرین و بەردەوامیەکەی کە لە مانگ و نیوێك نزیك دەبێتەوە. لاوازی ڕۆڵ و نەخشی ئەمریکاو غەرب و هیزەکانی دژە شۆڕش... ئەمانە بەشێك لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی هەستان و راپەڕێنی ئەمجارەی جەماوەری بێبەشی ئێرانن...**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆپێشەوە سەردانی سایتی بۆپێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
وەستا مەهدی، دلێر محەمەد نوری، چیا ئەسعەد، شەماڵ بارەوانی، عەبدوڵا مەحمود، حەکیم میرزا، هیوا سالّح، کاوان قادر، ئارام حەسەن، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، عبدالرحمن رەسول، حەکیم میرزا، جەمال نوری، مستەفا باهیر


لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان و ئایندەکەی"...

# زیندانیانی بادینان بۆ ئازاد ناکرێن!!




دوای زیاتر لە دووساڵ هێشتا گیراوەکانی بادینان لە زیندادان و ئازاد نەکراون. تەنانەت بەپێی مەرسومی سەرۆکی هەرێم!! سزای ئەو زیندانیانە لە سەدا ٦٠ کەمکرایەوە، کەچی ئەوە نزیک بە ١٠مانگ بەسەر بریاری سەرۆکی هەرێمدا تیپەڕ دەبێت، دوبارە ئەو زیندانیانە ئازاد نەکراون. ئەوە لە کاتێکدایە زیندانی سیاسی لەهەر شوێنێکی دنیا، تەنانەت ئەگەر دەسەڵاتەکە تاسەر ئێسقان دڕندەو فاشیست و سەرکوتگەر بیت، ئەگەر زیندانی سزاکەی تەواو بوو ئازاد دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و بەتایبەتی پارتی بەو مامەڵەیە کە لەگەڵ زیندانیانی بادینانی دەکات، نیشانی دەدات کە هێشتا لە دنیادا شێوەی دروست نەبووەو نابێتەوە. لە هیچ جێگایەکی ئەم گۆی زەویە نییە کەسانێک بە بڕیاری دادگا و کەسی یەکەمی ولات کەسەرۆکی هەرێمە!! مافی ئازادبوونیان هەبێت، بەڵام دادگا و یاسا خۆیان لە جێبەجێکردنی بدزنەوە. ئەوە ئەو راستیە نیشان دەدات، کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی میلیشییاییدا باسی دادگاو یاسا درۆیەکی پوچە.

دەستگیرکردنی چالاکوان و رۆژنامەنووس و بەشدار لە خۆپیشاندانەکانی بادیناندا، تۆمەتی "تیکدانی ئاسایشی نیشتیمانیان" دراوەتە پاڵ، چۆن ئەو تۆمەتە هیچ بنەمایەکی نییەو ئەوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەی شێواندووەو لەنادیارییدا رایگرتووە دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی و هاوبەشەکانیانن، ئاواش راگرتن و ئازادنەکردنی ئەو گیراوانە، لە کاتیکدا بریاری ئازادبوونیان هەیە، تاوانێکە دەچێتە پاڵ زنجیرە تاوانەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە لیستێکی دوور درێژەو لەگەڵ هەر هەستانێکی جەماوەریدا، وەکو سزانامەی دەسەڵات لەلایەن خەڵکەوە بەدەستەوە دەگیرێت.





بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح

## دوا وتە

# حکومەتەکی محەمەد سودانی و کابینەکەی درێژکراوەی حکومەتە شکستخواردووەکانی پێشووە...

نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

چەند رۆژ پێش ئێستا و بەدیاریکراوی ٢٧/١٠/٢٠٢٢ کابینەکەی سودانی لەلایەن پەرلەمانەوە متمانەی پێبەخشراو حکومەتێکی نوێ پێکهات.



ئەم حکومەتە، لەگەڵ ئەوەدا تەمەنی خۆی کورت دیاریکردووە، بەڵام هەمان ئەلگۆی حکومەتەکانی پێش خۆیەتی کە لەسەر بنەمای "سازان، بەش بەشینە و هاوبەش" پیکهاتووە... ئەلگۆیەک کە بەهەموو پێوانەیەک لە عێراقدا شکستی خواردووەو توانای وەڵامدانەوەی بە هیچ گرفت و کیشەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەی عێراقی نییەو ناتوانێ متمانەی جەماوەری بەدەست بهێنێ، بەڵکو بەو هۆیەوە لەسەر وردکردنی متمانەو ئیرادەی جەماوەرییەوە پێکهاتووە، لەیەکەمین رۆژەکانی خۆیدا رووبەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

رەوتی پیداگر لە حکومەتی "زوربە و نیشتیمانی" کە لە ململانێدا بوو لەگەڵ حکومەتی بەش بەشینە و سازان، هێشتا ڕەوتێکی بەهێزی عێراقە، کە لەسەر پایەی شکستی حکومەتی بەش بەشینە و سازان و هاوبەشی پێشوو، پێی گرتووەو خاوەنی پێگەیەکی بەهێز و توخمەکانی داروخاندنی حکومەتی سودانی تیایدا ئامادەیە.

کابینەکەی سودانی و کارنامەکەی، بەڕۆشنی ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە حکومەتیک نییە بۆ ئیدامەدان بە کارەکانی و کارنامە دوور و درێژ و دوبارە بووەکانی پێشوو، بەڵکو حکومەتێکە... لەلایەکەوە بۆ سازان لەگەڵ رەوتی سەدر و لەلایەکی تریشەوە بۆ پاشەپێکردن بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، پێکهاتووە.

سودانی لە کارنامەی حکومەتەکەیدا ساڵێکی داناوە بۆ دەستبردن بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، واتە ئەم حکومەتە حکومەتێکی کاتی و ڕاگوزەرە و ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو دەکات، ئەوەش بۆ ئەوەیە کەدڵنیایی بداتە رەوتی سەدر کە حکومەت پێکنەهاتووە و ئەوەی هەیە ئامادەکارییە بۆ دەورەی داهاتوو، بۆیە جوڵاندی شەقام

بۆ لاپەڕە 14